# هەڵوێستی ئایەتوڵڵا خومەینی لە حکومەتەکەی شاپور بەختیار
# ( ١٦ ی کانونی دووەم - ١١ ی شوباتی ١٩٧٩ ) و کاریگەری لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران


م.ی. هاوار کمال میرزا عبدالله

زانکۆی سلێمانی

سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان



**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پەنجە خستنەسەر یەکێك لە ئاڵۆزترین قۆناغەکانی مێژووی سیاسی ئێران و ململانێی خومەینی حکومەتەکەی شاپور بەختیارلە (١٦ی کانونی دووەم-١١ی شوباتی ١٩٧٩)، گرنگی ئەم قۆناغەی مێژووی ئێران ئەوەیە کە بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دادەنرێت، کەم نوسراو بە وردی تیشکی خستۆتە سەر وردەکارییەکانی ئەو ماوەیە کە دەتوانین بڵێین لێڵترین ماوەی حوکمە کە هیچ کەسێك بە بەهێزی لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نەبوو، پڕبوو لە ململانێی توند و خۆپیشاندانی شەقامەکانی تاران، هەڵوێست و بەیاننامەکانی خومەینی بڕیاری لەسەر چارەنوسی ئایندەی سیاسی ئێران دا.بەختیار لە ١١ی شوباتی ١٩٧٩ بێ پشتیوان مایەوە دوای ڕاگەیاندنی بێلایەنی سوپا و گۆڕەپانەکەی بۆ حکومەتە کاتییەکەی خومەینی بەڕێبەری(مەهدی بازرگان) چۆڵکرد و پەردە بەسەر سستمی پادشایەتی پەهلەوی بۆ یەکجاری دادرایەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەبوو کە نوسینێکی ئەکادیمی بێلایەنانەی ورد لەسەر ڕوداوە چارەنوس سازەکانی ئەو قۆناغە وەبەرچاومان نەکەوت، گەر هەشبێت دەگمەنە، لەگەڵ ئەمەدا گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە دەستی خستۆتە سەر خاڵە نادیارەکان و هەوڵیداوە شیکارێکی زانستیانە و بێلایەنانەی ڕوداوەکانی بکات.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی (کرۆنۆلۆژی- شیکاری) گیراوەتەبەر بۆ خستنەڕوی ڕوداوەکان و شیکردنەوەی هەڵوێستەکانی خومەینی و ململانێکانی لەگەڵ بەختیار وکاریگەری لەسەر چارەنوسی ئێران.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە دەروازەدا تیشك خراوەتە سەر ڕوداوەکانی کۆتایی حوکمی شا و لە تەوەرەی یەکەم دا باسی هەڵوێستی خومەینی کراوە لەدوای ڕۆیشتنی شا لە ئێران، هەرچی تەوەرەی دووەمە لەبارەی ململانێکانی خومەینی و دامەزراندنی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان لەلایەن خومەینی یەوە و دواتریش شکستی بەختیار لەبەرامبەر خومەینی، کۆتا تەوەرەش بۆ هەڵوێستی لەبارەی گۆڕانکارییەکانی ئێران لەو ماوەیەدا تەرخان کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا سود لە سەرچاوەی جیاواز بە زمانی فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی وەرگیراوە لە گرنگترین سەرچاوە فارسییەکان(سی و هفت روز پس از سی و هفت سال) کە چاوپێکەوتنە لەگەڵ شاپور بەختیارو زانیاری

ورد لە زمانی بەختیارەوە تێدایە کە هەندێك لەزانیاریەکان لە هیچ سەرچاوەیەك بەرچاوناکەوێت، دواتر یاداشتەکانی (عباس قرەباغی: اعترافات ژنرال) کە خۆی ئاگاداری وردی هەموو ڕوداوەکانی دوارۆژەکانی حکومەتی بەختیارو گەڕانەوەی خومەینی،یە. قەرەباغی یەکێکە لەوانەی هۆکاری شکستی بەختیاربوو، بەڵکو بە ڕاگەیاندنی بێلایەنی سوپا گۆڕەپانی ململانێکەی بۆ خومەینی یەکلاکردەوە، زانیاری نێو ئەم یاداشتە زۆردەگمەنن، بەلاّم بێ ڕەخنەشنین، چونکە لەژێرەوە لەگەڵ خومەینی ڕێك کەوتبوو دژی بەختیار، پاشان (ابراهیم یزدی: آخرین تلاشها در آخرین روزها) زانیاری بەهاداری تێدایە، یەزدی ڕاوێژکاری خومەینی بوو لە پاریس و لە کەسە نزیکەکانی خومەینی بوو لەو قۆناغە هەستیارەدا و زانیاری وردی لەسەر ئەو قۆناغە تێدایە بەلاّم لایەنگری لە خومەینی بووتە هۆی کاریگەری دانان بەسەر نوسینەکەیەوە کە یاداشتە، بەلاّم سودی لە سەرچاوەش وەرگرتووە بۆ نوسینەکەی‌و (رابرت هایزر: مأموریت در تهران) یاداشتەکانی نرخێکی گرنگیان هەیە یەکەم کەسە ئاماژە بەوە دەکات ئەمریکا بەرنامەی کودەتای هەبوو، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو لەوبارەیەوە و کتێبەکانی مەحمود طلوعی.. هتد، هەروەها چەندین سەرچاوەی ئینگلیزی وەك (Trita Parsi : Treacherous Alliance) تریتا پارزی کەسێکی ئەمریکی بەڕەگەز ئێرانییەو کەسێکی ئەکادیمییە نوسینەکانی سەنگی تایبەتی خۆی هەیە لەناوەندە سیاسی و زانستییەکانی جیهان، چونکە پسپۆڕی بواری مێژووی ئێرانە و ئەم کتێبەشی یەکێکە لە بە بەهاترین نوسینەکانی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد، بەهۆی ئەو زانیاریانەی لەم کتێبەدایە، ( Michael M. J. Fischer: Iran; From Religious Dispute to Revolution) کتێبێکی گشتگیری زۆر بەسودە بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێران، لەگەڵ چەند سەرچاوەی دیکە سودی لێوەرگیراوە لەم توێژینەوەیەدا.

لە کۆتایشدا دەبێت بوترێت کە هیچ کارێکی ئەکادیمی بێ کەم و کوڕی نییە و ئەم توێژینەوەیەش لەو بارەیەوە هەلاّوێر ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیوایین دەروازەیەك بێت بۆ توێژینەوەی زیاتر لەوبارەیەوە.

**دەروازە: پوختەیەك لە هەڵوێستی خومەینی لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە تا ڕۆیشتنی شا بۆ تاراوگە:**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا ئێران پێی نایە قۆناغێکی ئاڵۆزیی و ئاماژە سەرەتاییەکانی شوڕشی ئێران دەرکەوت و تا دەهات دۆخەکە زیاتر ڕووی لە خراپی دەکرد و خۆپیشاندانەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبوو[١]، ئەوەی زیاتر دۆخەکەی تەقاندەوە بلاّوکردنەوەی بابەتێك بوو لە ڕۆژنامەی (اطلاعات) لە ژێر ناوی (**ایران واستعمار سرخ و سیاه**-واتە : ئێران و داگیرکەری سوور و ڕەش)[٢] مەبەستی داگیرکەری سوور یەکێتی سۆڤییەت و داگیرکەری ڕەش ئاخوندەکان بوو، کە لە ناوەرۆکەکەیدا بە توندی هێرشکرابووە سەر خومەینی بە خەڵکی هیندستان و کەسێکی نەخوێندەوار و بە بەکرێگیراوی دەزگای سیخوڕی بێگانە لە قەڵەم درابوو[٣].

---

[١]Donette Murray, U.S. Foreign Policy and Iran American-Iranian relations since the Islamic revolution, Rutledge, New York,٢٠١٠, P.٢٠.

[٢] بۆ دەقی بابەتەکە بڕوانە: اطلاعات، ١٧دی ماه ١٣٥٦.

[٣] عرفان قانعی فرد: در دامگه حادثه (بررسی علل و عوامل فروپاسی حکومت شاهنشاهی) گفتوگویی با پرویز ثابتی مدیر امنیت داخلی ساواك، شرکت کتاب، آمریکا، ٢٠١٢، ص٤٠٢-٤٠٤.

له مانگی ئاداری ۱۹۷۸دا خۆپیشاندانەکان توندوتیژتر بوون دژ بە ڕژێمەکەی محەمەد ڕەزا شا، زیاتر لەجاران خۆپیشاندانەکان سیمایەکی ئایینی بە خۆوە گرتبوو، ئەمە ببووە هۆی مەترسی بۆ بەشێکی زۆر لە سیاسەتمەدارانی ئێران[٤]. وردە وردە بێتوانایی شا لە پێشگرتن بە فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان دەرکەوتن لەبەرامبەریشدا خومەینی زیاتر لە گۆڕەپانەکەدا کاریگەرتر دەبوو، بە جۆرێك لە سەرەتاکانی مانگی ئابی ۱۹۷۸دا هەل و مەرجی ولآت زۆر خراپ ئالۆزا، خۆپیشاندانی توندو فراوان بەخێرایی تەشەنەی سەند شارەکانی قوم، تەبرێز و ئەهواز و...هتدی گرتەوە، ئەمە سەری کێشا بۆ ڕوداوێکی خراپ کە دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتەوە، ئەویش کەوتنەوەی ئاگرێك بوو لە سینەمای (رکس) لە ئابادان لە ۱۹ی ئابدا و سەدان کەس سووتان[٥]، ئەمە زەمینەی بۆ پڕوپاگەندەی ئۆپۆزسیۆن و ورووژاندنی ڕای گشتی فەراهەم کرد[٦].

ئەم دۆخە شای ناچارکرد جەمشید ئاموزگار کە سەرۆك وەزیران بوو، لابدات و جەعفەر شەریف ئیمامی لە ٢٦ ئابی ۱۹۷۸ ڕاسپێرێ حکومەتێکی نوێ دامەزرێنێت، هەرچەندە ئیمامی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی چاکسازیی لە تێکڕای بوارەکاندا ڕاگەیاند، بەتایبەت بۆ سەرنجڕاکێشانی باڵی ئایینی تا پشتگیری حکومەتەکەی بکەن و بارودۆخەکە ئارام ببێتەوە، ئەو بەرنامەیە کە خۆیدەبینییەوە لە ئازادی کاری سیاسی، چاکسازیی بوارەکانی ڕاگەیاندن، سەربەخۆیی دادگاکان، داخستنی گازینۆکان و مەیخانە و تەنانەت دەستگیرکردنی عەباس هوەیداش، بەلآم خومەینی ئەم هەولآنەی شەریف ئیمامی ڕەتکردەوە و داوای لە خەڵکی ئێرانکرد دژی حکومەتەکەی ئیمامی خۆپیشاندان بکەن[٧]، لەبەرئەوە سیاسەتەکانی شەریف ئیمامی بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندان و ڕەتکردنەوەو هۆشداری بەردەوامی خومەینی بۆ هەر جۆرە ڕێکەوتنێك لە سایەی شادا ئامانجێکی وای لێ نەکەوتەوە[٨]، ڕاستییەکەی ئەوە بوو، کەس لە ناوخۆی ئێران ئەوەندە نفوزی نەبوو بتوانێت ڕۆڵی خومەینی لاواز بکات، بگرە هەموو هەنگاوێکی شا و هەر کەسێکی دیکە، چاوەڕێی کاردانەوەی خومەینی بوو تا سەنگی سەرکەوتنی بە مەحەکی کردەوە، هەڵسەنگێندرێت.لەمەدا ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا.

ئەم دۆخە وایکرد تا شەریف ئیمامی دەست لەکار بکێشێتەوە و غلام ڕەزا ئەزهاری لە ٦ی تشرینی دووەمی ۱۹۷۸حکومەتی سەربازیی ڕاگەیەنێت کە سەرەتای حکومەتی ئەزهاری هێوربوونەوەیەکی ڕێژەیی ئێرانی گرتەوە، بەلآم ئەمیش هەروەك ئیمامی شکستی خوارد، لەبەر ئەوەی شا فەرمانیکردبوو خۆ وەدوور بگرن لە بەکارهێنانی هێز بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران ، بەم هۆیەوە ئەزهاری هەستیکرد ناتوانێ کێشەکان

---

[٤] ویلیام سولیوان: ماموریت در ایران، ترجمه: محمود مشرقی، انتشارات هفته، تهران،۱۳٦۱، ص۱۰۰.

[٥] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: شیدا نبوی: فاجعه سینما رکس آبادان، مجله چشم انداز، شماره (۲۰)، بهار ۱۳۷۸، http://www.golshan.com/asnaad/cinamarex/c٧/c١.pdf.

[٦] ویلیام سولیوان: مصدر پیشین، ص۱۰۸.

[٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سیدجلال الدین مدنی: تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد دوم، دفتر انتشارات اسلامی، چاپ یازدهم، قم، ۱۳۸۳، ص۳۳۹-۳۹۰.

[٨] Farhang Rajaee: Islamism and Modernism (The Changing Discourse in Iran), University of Texas Press, U.S.A, ٢٠٠٧, P.٩٩.

چارەسەربکات[٩]. ناچار شا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فراوان و ئاشتی گشتگیر پەنای بردەبەر غلامحسین صدیقی ئەندامی (بەرەی نیشتیمانی)* و دواتر کەریم سنجابی کەسی یەکەمی بەرەی نیشتیمانی و دواجار بە مەرجەکانی شاپور بەختیاری ڕازیبوو بۆ پێکهێنانی حکومەت[١٠]، بەختیار لە ٣٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ بەفەرمی بۆ سەرۆك وەزیری لەلایەن شاوە دیاریکرا[١١]، بەرەی نیشتیمانی ڕاستەوخۆ دوای ئەمە بەختیاری وەك ئەندام لە ڕیزی پارتەکەیان وەدەرنا، هەمان ڕۆژ بەختیار هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەبێ بەرەی نیشتیمانی دەستپێکردو ڕایگەیاند کە شا بە زوویی ئێران جێدەهێڵێت، ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئۆپۆزسیۆن و فەراهەم کردنی زەمینەسازی بۆ سازش لەگەڵ نەیارانی شا بوو، لە بەرامبەردا لە نێوان لایەنگرانی شا و سوپا و فەرماندەکانی ترسێکی هەیەجان ئامێزی لێکەوتەوە، هەرچەندە لایەنگرانی شا بەتایبەت لە سوپادا هەوڵیاندا شا قایل بکەن ئێران جێنەهێڵێت، لەم ڕووەوە بەختیار بە پشتیوانی ئەمریکا فشاری خۆی کرد و محەمەد ڕەزاشا سەرەڕای فشاری سوپا لەبڕیاری ڕۆیشتنی لە ئێران پەشیمان نەبوویەوە[١٢].مەرجەکانی بەختیار بۆ پێکهێنانی حکومەت بریتی بوون لە ئازادی بلاّوکراوەکان، هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ساواك، هەڵوەشاندنەوەی کومسیونی شاهنشاهی کە دەستی لەکاروباری دادوەری وەردەدا و دەزگای پەهلەوی بۆدەستی حکومەت بگوازرێتەوە، بەختیار خۆی هەموو وەزیرەکان هەڵبژێرێت و شورای سەڵتەنت

---

[٩] محمود طلوعی: صد روز آخر (اسراری از وقایع روزهای سرنوشت سازی که به سقوط دودمان پهلوی انجامید)، نشر علم، تهران، ١٣٧٨، ص١٠١.

* بەرەی نیشتیمانی: لە ٢٣ تشرین یەکەمی ١٩٤٩ خۆی ڕاگەیان ئەویش دوای کۆبوونەوە لە ماڵی محمەد مسەدیق، دەستەی دامەزرێنەر لە نۆزدەکەس پێکهاتبوون ئەوانیش، دکتور محەمەد مسەدیق، ئەحمەد ملکی، محەمەد حسن کاویانی، دکتور کەریم سنجابی، عباس خلیلی.....هتد.دوای کودەتای ١٩٥٣ بەسەر حکومەتی بەرەی نیشتیمانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی لێی تەکینە دواوەو چەند کەسێکی کەم پشتی مسەدیق یان گرت، هەر دوای کودەتا بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم بەرەیە گیران و چالاکییەکانی وەستا. دواتر لە سەرەتای ١٩٦٠ وە چالاکییەکانی خۆیان دەستپێکردەوەو و لە ١٩٦١ یەکەمین کۆنگرەیان بەست و هەر دوای ڕاگەیاندنی شۆڕی سپی هەوڵی خۆپیشاندانیاندا دژی شا و زۆرێك لە ئەندامانی گیران و چالاکی بەرەی نیشتیمانی قەدەغە کرا، بەم جۆرە بەرەی نیشتیمانی دووەم کۆتایی هات و بەرەی سێیەم لە پێش کەوتنی شا لە گۆڕەپانی ئێران ئامادەگیان هەبوو دوای سەرکەوتنی خومەینی و کەوتنی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان لە ١١/٦/ ١٩٧٩ ئیدی بوارێك بۆ کاری سیاسی ئازادانە نەماو ئەندامانی ئەم بەرەیە ڕویان کردە تاراوگە بۆ درێژەدان بە کاری سیاسی خۆیان. بۆ زانیاری لەبارەی ڕۆڵ و چالاکی ئەم حیزبە بڕوانە : لقمان خیالی: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية(١٩٤٩-١٩٧٩)،منشورات مؤسسة والا للنشر والاعلام، بدون مكان،٢٠١١.

[١٠] سعید بشیرتاش و ابراهیم نبوی: روزشمار انقلاب اسلامی(سی سال پیش در چنین روزی)، گردآوری: ایمان علیپور، پوشینە دو( واتە جلدی دوەم)، انتشارات رادیو زمانە، بدون جاه ، ١٣٨٧، ص٢٥٨ ؛ محمد رضا پهلوی: پاسخ بە تاریخ، دون جاه و سال طبع، ص٢٦٦-٢٦٧.

[١١]James A. Bill: The Eagle and Lion (The Tragedy of American-Iranian Relation), Yale University Press, Unites States of America, ١٩٨٨, P.٢٦٣.

[١٢]Barry Rubin: Paved with Good Intention (The American Experience in Iran), Published by the Penguin Group, U.S.A, ١٩٨٠, P.٢٣٨-٢٣٩.

پێکبهێنرێت شا کە ئێران جێبهێڵێت[13]، گۆڕانکاری گەورە لە وڵات ئەنجامبدرێت بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، هەروەها خۆماڵیکردنی پیشەسازی نەوت و گێڕانەوەی ڕۆڵی دادگاکان[14].

خومەینی لە ئوتێلی (نوفل لو شاتۆ) بە ئاشکرای دژی حکومەتی بەختیار وەستایەوە و ڕایگەیاند دژی ئەو حکومەتەیە کە شا دیاریکردوەو بە حکومەتێکی ناپاك ناساندی[15]، چونکە خومەینی ئەم هەوڵەی بە کودەتایەك دژی شۆڕشی گەلی ئێران لێکدایەوە[16].هەر بۆیە بارودۆخ بە خراپتر گۆڕا و سەر ئەنجام ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ شورای سەڵتەنەت بە سەرۆکایەتی سەید جلال الدین تارانی، ڕاگەیەندرا[17]، تاکو شوێنی شا بگرێتەوە لە ئیدارەدانی وڵاتدا بە بلاّو بوونەوەی ئەم هەواڵە شەقامی شارەکانی ئێرانی بە خۆپیشاندانی خۆشی دەربڕینی خەڵك جمەی دەهات[18]. دوای سێ ڕۆژ شا ئێرانی جێهێشت و ڕویکردە تاراوگە. ئیتر ڕوداوەکان دڵنیاییان دایە خومەینی لە سەرکەوتنی یەکجاری وەك لە دواتر لێی دەدوێین.

## تەوەرەی یەکەم : بارودۆخی ئێران لە نێوان ڕۆیشتنی شا و گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران (١٦کانونی دووەم – ١ ی شوباتی ١٩٧٩):

شا لە ١٦ی کانونی دووەم لە ژێر فشاری ناوخۆ و دەرەوە بەتایبەتی ئەمریکا، ئێرانی جێهێشت، هەروەك جەنەراڵ (ڕۆبێرت هویزەر-Robert Husyer)* نێردەی تایبەتی سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێت:" ڕۆیشتنی شا کۆتایی قۆناغی یەکەم بوو، کە سەرۆك کۆمار[جیمی کارتەر] فەرمانی پێکردبووم[بۆ ئەنجامدانی] بە ئاکامم گەیاند"[19].

[13] شاپور بختیار: شاپور بختیار: یکرنگی، ترجمه : مهشید امیر شاهی، پاریس، ١٣٦١، ص ١٦٠- ١٦١.

[14] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: سی و هفت روز پس از سی و هفت سال (چند گفتگو با دکتر شاپور بختیار درباره دوران زمامداریش)، انتشارات رادیو ایران، چاپ پنجم ، بهمن ماه ١٣٦٢، صص ٦٧-٩٠.

[15] ابراهیم یزدی: آخرین تلاشها در آخرین روزها (مطالبی ناگفته پیرامون انقلاب اسلامی ایران)، انتشارات قلم، ویرایش دوم، تهران، ١٣٧٩، ص ١٧٩-١٨٠.

١٦ پرویز راجی: پرویز راجی: در خدمت تخت طاووس (یاداشتهای روزانه آخرین سفیر شاه در لندن) ترجمه: د.حسن کامشاد، انتشارات طرح نو، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٩، ص٣٧٨.

[17] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : عباس قرباغی: اعترافات ژنرال: خاطرات ارتشبد عباس قرەباغی (مرداد-بهمن٥٧)، نشر نی، چاپ نوم، تهران، ١٣٦٦،صص١٧١-١٧٤.

[18] Michael M. J. Fischer: Iran; From Religious Dispute to Revolution, University of Wisconsin Press, U.S.A, ٢٠٠٣, P.٢١٠.

* ڕۆبێرت هویزەر (١٩٢٤-١٩٩٧) : یەکێکە لە ژەنەراڵە دیارەکانی ئەمریکا، لە ١٩٤٣ وەك فڕۆکەوان چۆتە ڕیزی سوپای ئەمریکاوە، لە جەنگی دووەمی جیهانی، کۆریا و ڤێتنام بەشداری کردووە. شەش ساڵ بە پلەی ژەنەراڵی چوار ئەستێرە یاریدەدەر فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە ئەوروپا، دواتریش لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئەمریکا خزمەتیکردووە.لەوکاتەی وەك نوێنەری تایبەتی نێردرا بۆئێران جێگری (ئەلیکسەندەر هیگ) فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ بوو لە ئەوروپا: رابرت هایزر: مأموریت در تهران:خاطرات ژنرال هایزر، ترجمه: علی اکبر عبدالرشیدی، انتشارات اطلاعات، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٧، ص١٠.

[19] رابرت هایزر: مصدر پیشین ، ص١٣٨.

کاتێك شا ئێرانی جێهێشت، ولاّت ڕووبەڕووی بێ سەروبەرەیی و ئاشوب بوویەوە، حکومەت دەسەلاّتی کارکردنی نەما، ڕۆحییەتی هێزە سەربازییەکان لاواز بوو، ئابوری بە توندی ڕوی لە داکشان کرد و بەرهەمی نەوت گەیشتە ئاستێکی نزمی، لەلایەکی ترەوە هەزاران کارمەندی پلە بالاّ ولاّتیان جێهێشت بێکاری و هەڵاوسان لە ئاستێکی مەترسیداردابوو[٢٠]، لەوەها دۆخێك دا شا ماڵئاوای لە سەڵتەنەتەکەی کرد و ئێرانی بەرەو تاراوگە جێهێشت.بە ڕۆیشتنی شا لە ئێران بە ڕەهایی دەسەلاّت کەوتەدەستی شاپور بەختیار، کە جێگە باوەڕی ئیسلامییەکان و چەپەکان نەبوو[٢١] لە هەمان کاتدا سەرەتای دەستپێکی وەرزێکی نوێی ڕووداوەکانی ئێران بوو[٢٢]. ڕۆیشتنی شا کە قەراربوو بۆ ئەمریکا بچێت، بەلاّم ڕویکردە میسر بەهیوای ئەوەی هەرکات سوپا کارێکی کرد دەسەلاّت بگرنەدەست لە ئێرانەوە نزیك بێت وزوو بگەڕێتەوە ولاّت، ئەمە هۆکارێکی لاوازبوونی زیاتری حکومەتەکەی بەختیاربوون چونکە تواناى بەختیاری بۆ ڕازیکردنی نەیارانی میانەڕەوی کەمتر کردەوە[٢٣].

خومەینی دوای پیرۆزباییکردنێکی گەرم لە گەلی ئێران داوایکرد ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەم لە ١٩٧٩ بکەنە ڕۆژی خۆپیشاندان دژی شاپور بەختیاری ناپاك و زۆردار[٢٤]. هەر لەو بارەیەوە لەو ڕۆژەدا خۆپیشاندانی ملیۆنی لەتاران و شارەکانی دیکە بەڕێوەچوو، لەهەمان کاتدا بە دروشمی لابردنی شا لە کورسی دەسەلاّت خومەینی پێکهێنانی شورای ئینقلابی ئیسلامی لە ١٧ی کانونی دووەم ڕاگەیاند[٢٥]، کە ئەندامانی لە لایەن خودی خومەینی یەوە دیاریکران و سەرەتا لە پێنج ئەندام پێکهاتبوون لە هەریەك لە(ئایەتوڵڵا محەمەد بەهەشتی، ئایەتوڵڵا مرتضی مطهری، هاشمی ڕەفسەنجانی، موسوی ئەدەبیلی ودکتۆر باهنر)، دواتریش ئاغای (مهدوی کنی) زیادکراو بوون بە شەش ئەندام.ئەندامانی ئەم شورایە پێش سەرکەوتنی شۆڕش زۆر کەم کەس دەیناسین، ئەمەش بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی بوو لە گرتن و تیرۆرکردن. ئەم شورایە پرۆگرامێکی نوسراوی نەبوو کە وەك پەیڕەوێك لەسەری بڕوات و کارەکانی پێ ئەنجام بدات، بەشێوەیەك لەتەواوی ماوەی ئامادەگی ئەم شورایە هەورازو نشێوی زۆری توشبوو، هەروەها کاروباری ولاّتیشی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبرد[٢٦].

لە ٢٠ی کانونی دوەم خومەینی لە پەیامێکیدا بۆ خەڵکی ئێران ڕایگەیاند بە زوویی بۆ ئێران دەگەڕێتەوە و نوێژی هەینی لە ٢٦ی کانونی دووەم لە ئێران دەکات، کە هاوسات بوو لەگەڵ ساڵڕۆژی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر(د.خ) و ڕاگەیاندنی شۆڕشی سپی، ئەم هەواڵە مەترسی زۆری لای فەرماندە سەربازییەکان دروستکرد[٢٧].

[٢٠] محسن میلانی: شکل گیری انقلاب اسلامی: از سلطنت پهلوی تا جمهوری اسلامیت،مجتبی عطارزادة، گام نو، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٨، ص٢٦٢.

[٢١] Trita Parsi، Treacherous Alliance The secret Dealings of Israel, Iran and The U.S., Yale University press, craven Book, U.S.A, ٢٠٠٨, P.٨٠.

[٢٢] محسن میلانی: مصدر پیشین، ص٢٣٨.

[٢٣] سایروس ونس: توطئه در ایران، ترجمه: محمود مشرقی، انتشارات هفته، تهران، ١٣٦٢، ص٤٣.

[٢٤] فریدون هویدا : سقوط شاه، ترجمه: ح.ا.مهران، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٨٦، ص٢٠٦.

[٢٥] ژان فورن: تحلیل نظری از انقلاب ١٩٧٩ - ١٩٧٧ ایران، ترجمه: سیدصدرالدین موسوی، پژوهشنامه متین، شماره(١٩٩)، تابستان١٣٨٢، ص١٤٥.

[٢٦] سیدجلال الدین مدنی: مصدر پیشین، ص ٤٣٩.

[٢٧] محمود طلوعی: حدیث نیك و بد(تاریخ پر ماجرای روابط ایران و آمریکا)، نشر علم، چاپ اول، تهران، ١٣٨٤، ص ٣٩٠.

بەختيار ڕاستەوخۆ دواى ئەم وتارە فەرمانى كرد فڕۆكەخانەكان دابخرێن وبەوهۆيەوە پێكدادانى توند شەقامەكانى زۆربەى شارەكانى ئێرانى گرتەوە[28]، ڕاستييەكەى ئەمە كاردانەوەيەكى كوتوپڕانەبوو، چونكە بەختيار چاوەڕێى دەكرد لەگەڵ خومەينى بگاتە ڕێكەوتنێك، كە لەوانەبوو هاتنەوەى خومەينى بێ دانىان بە حكومەتى بەختيار تەواوى كارەكانى بەختيار پەك بخات، ڕووداوەكانى دواتر ڕاستى ئەم پێشبينييەى دەرخست.

دوو ڕۆژ دواى ڕۆيشتنى شا لە ئێران خومەينى لە پاريس لە بەياننامەيەكدا شوراى سەڵتەنەتى بە ناياسايى دايەقەڵەم و هۆشدار دايە ئەندامەكانى كە دەستێوەردانيان لە كاروبارى دەوڵەت تاوانەو دەبێت لە ئەندامێتى ئەو شورايە كەنارەگيرى بكەن، لە بەياننامەكەدا هاتبوو:"بۆ كەسانێك كە لە شوراى سەڵتەنەتى ناياسايى بوونەتە ئەندام، هۆشدارى دەدەم كە ئەم كارە ناياسايى يە و دەستێوەردانى ئەوان لە چارەنوسى وڵات تاوانە، بێ درەنگ لەو شورايە كەنارەگيرى بكەن و لە كاتى دواكەوتن[لە وازهێنان لە ئەندامێتى شورا] بەرپرسن لە پێشهاتەكان"[29]، سەيدجلال الدين تارانى سەرۆكى شوراى سەڵتەنەت ڕۆيشتە پاريس تا چاوى بە خومەينى بكەوێت،لاى خۆيەوە خومەينى مەرجى دەست لەكاركێشانەوەو بەناياسايى دانانى شوراى سەڵتەنەتى خستە بەردەمى تا بتوانێت چاوى پێ بكەوێت[30]، ڕۆژى دواتر تارانى لە بەياننامەيەك دا دەست لەكاركێشانەوەى خۆى ڕاگەيان لە شوراى سەڵتەنەت و ئەوەى خستبوەڕوو كە لەبەر بەرژەوەندى گشتى و گێڕانەوەى ئارامى ئەندامێتى لەو شورايە پەسەند كردووە، بەڵام بارودۆخ بۆ خراپتر گۆڕاوە، لەبەر ئەوە:" وەك ڕێزێك بۆ فكرەى گشتى و لەسەر فتواى حەزرەتى ئايەتوڵڵاى گەورە خومەينى خێروبەرەكەتى بەردەوام بێت، لەسەر ئەو بنەمايەى ئەو شورايەى بە ناياسيى داناوە كەنارەگيرى خۆم[تارانى] ڕاگەياند[لە ئەندامێتى شوراى سەڵتەنەت]"[31].ئەمەش لێدانێكى ڕۆحى توند بوو لە پاشماوەكانى لايەنگرى سەڵتەنەت لە ئێران، بەتايبەتى فەرماندە سەربازييەكان[32].

دواى دەست لە كاركێشانەوەى تارانى ديدارێكى كورتى لەگەڵ خومەينى ئەنجامداو داواى لێكرد ڕێگە بدات بەختياريش سەردانى پاريس بكات و چاوى بە خومەينى بكەوێت، بەڵام خومەينى كاردانەوەيەكى بەرامبەر بەو داوايەى تارانى نيشان نەدا[33].لە هەمان كاتدا ڕۆژنامە ماركسييەكانى ئێران هۆشدارييان دايە خومەينى لە قۆرخ كردنى شۆڕش ئاماژەيان كردبوو بەوەى:" خەڵكى دژى هەر هەوڵێك دەوەستێتەوە بۆ بەكارهێنانى ئيسلام بۆ سەپاندنى سستمى تاكڕەوى"[34]. چونكە لەڕاستيدا خومەينى هەموانى ناچار بە ملكەچى كرد لەبەرامبەر خۆى و ئەوەى ويستى لە ژێر ناوى ئيسلام تەواوى ڕكە بەرەكانى لە گۆڕەپان وەدەرنا.

---

[28] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١١.

[29] ابراهيم يزدى: مصدر پيشين، ص٣٠١.

[30] محمود طلوعى: حديث نيك و بد، ص ٣٨٩.

[31] بۆ دەقى بەياننامەكە بڕوانە : گروه خبرنگاران سياسى راديو ايران: مصدر پيشين، ص١٠٧. بۆ دەقى بەيننامەكە بە دەستوخەتى تارانى خۆى كە بەبێ خاڵ نوسيبووى بڕوانە: محمود طلوعى: معمهاى تاريخى (رازهاى ناگشوده در تاريخ معاصر ايران)، نشر علم، تهران، ١٣٨٨، ص٥٢٧.

[32] محمود طلوعى: حديث نيك و بد، ص ٣٨٩.

٣٣ محمود طلوعى: معمهاى تاريخى، ص ٥٢٦.

[34] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١١.

سەرۆکی دەزگای ساواك ناصر مقدم پێیوابوو هاتنەوەی خومەینی مەترسی نییە و کاتێك گەیشتەوە ئێران ڕاستەوخۆ بۆ شاری ئاینی قوم دەڕوات[٣٥]، ئەمە فکرەی بەختیاریش بوو سەر چاوەکەیشی لەوەوەبوو کەریم سنجابی کە لە کۆتایی ١٩٧٨ سەردانی خومەینی کردبوو لە پاریس، دوای هاتنەوەی بە بەختیاری ڕاگەیاندبوو کە خومەینی کە گەڕایەوە ئێران دەچێتە قوم و خەریکی خواپەرستی دەبێت[٣٦].نەك بەشداری لە حکومەت و سیاسەتدا.

لە دوای ڕۆیشتنی شا لەئێران تیمسار ناصر مقەدەم بە تەلەفۆن بەناوی خۆی و بەختیارەوە ئەوەی ئاشکراکرد کە بارودۆخی ئێران زۆر خراپ بووەو داوای لەمنصور رفیع زادە سەرۆکی دەزگای ساواك لە ئەمریکاکرد، داوا لە C.I.A بکات هەرچی لەدەستی دێت لە ڕێگەی کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتییەوە بەتایبەت دەوڵەتی فەرەنسا، هاتنەوەی خومەینی کە بڕیاربوو لەسەرەتای مانگی شوباتدا بگەڕێتەوە ئێران، بۆ دوو تا سێ هەفتە دوا بخات[٣٧]، وەك بەختیاریش ئاماژەی پێدەکات:" دواخستنی گەڕانەوەی خومەینی لەبەرژەوەندی ئێمە بوو"[٣٨]، دواتر دە ڕۆژ پێش گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران تیمسار خسروداد کە کەسێکی نزیك لە نعمت الله نصیری سەرۆکی پێشوتری دەزگای ساواك بوو، لەگەڵ چەند کەسی هاوکاری پلانیان دانابوو کاتێك خومەینی دێتە ئاسمانی ئێران بیکوژن و فرۆکەکەی سەونگون بکەن بەبێ گوێدانە هەر دەرئەنجامێك، ئەمە ناصر مقدم بە تەلەفۆن بە منصور رفیع زادەی وتبوو، تاکو ئەم بابەتە بە C.I.A رابگەیەنێت و ئاماژەشی بەوەکربوو کە خسروداد و هاوڕێکانی خستۆتە ژێرچاودێرییەوە، بەڵام پێش ئەوەی رفیع زادە ئەم بابەتە بەC.I.A بگەیەنێت ئەوان زانیبویان و سێ خاڵیان بۆ رفیع زادە خستبووە ڕو،و یەکەم: رفیع زادە دەبێت پەیوەندی بە ناصر مقدم بکات و بەڵێنی لێوەرگرێت هاوکاربێت تا ئەو کارە ڕوونەدات، دووەم خاڵ پێیان  وابوو ئەو کارە تەنها خوێنرێژی زیاتر دێنێتەکایەوەو لە دوا هۆشداریشدا ئاماژەیان بەوەکرد هەرگیزC.I.A ئەو کارە پەسەند ناکات، چونکە ئەوە بەڕێگە چارە نازانرێت و  C.I.A داوایکرد لە ناصر مقدم کە تیمسار خسروداد و هاوکارانی بخاتەژێر کۆنترۆڵەوە تاکونەهێڵرێت ئەوکارەساتە ڕووبدات[٣٩].تەنانەت خودی بەختیاریش لەناوبردنی خومەینی لەو بارودۆخەدا بە زیانی خۆی دەزانی و ڕەزامەند نەبوو لەسەر کوشتنی خومەینی لە ئاسمانی ئێراندا و بە تایبەتی فەرمانیکردبوو هیچ ئازارێك نابێ بە خومەینی بگات لە ئاسمانی ئێراندا[٤٠].

لە ٢٧ی کانونی دووەم چارەسەرێکی مام ناوەندی خرایە ڕوو لە نێوان خومەینی و بەختیار بۆ ڕێگرتن لە کوشتارو داڕوخانی زیاتری سیاسی و ئابوری وڵات، ئەویش خۆیدەبینییەوە لەوەی کە بەختیار بچێتە پاریس و دەست لە کار بکێشێتەوەو خومەینی ڕایبسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێك تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی و

[٣٥] منصور رفیع زادە: شاهد(از شا تا دخالتهای آشکار آمریکا در ایران) خاطرات منصور رفیع زادە آخرین رئیس سابق ساواك در آمریکا، ترجمە: وحید ایمن، انتشارات زریاب، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧، ص٤٣٤.

[٣٦] گروە خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین، ص٢٦.

[٣٧] منصور رفیع زادە: مصدر پیشین، ص٤٣٠.

[٣٨] گروە خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٦٠.

[٣٩] منصور رفیع زادە: مصدر پیشین، ص٤٣٠-٤٣٢.

[٤٠] گروە خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٦٠.

دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك[41]. بەختیار ئاماژە بەوە دەدات کە بابەتی ڕۆیشتنی بۆ پاریس فکرەی خۆی بووە٤٢، ئەمە ڕاست نییە، چونکە یەکەم جار ئەمریکا بەپێی قسەی سایروس ڤانسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەر لەسەرەتای ڕۆیشتنی شا بۆ تاراوگە لە هەوڵدا بوون بۆ نزیك کردنەوەی خومەینی و بەختیار و خومەینی لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ خومەینی لە پاریس[43]، هەروەها پێشتریش ئاماژەمان پێدا سەیدجلال الدین تارنی داوای مۆڵەتی چاوپێکەوتنی لە خومەینی بۆ بەختیار کردبوو، بەپێی وتەی باڵیۆزخانەی ئەمریکاش :" بەختیار بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی سیاسی، سەرۆکی شورای سەڵتەنەت، سەید جلال الدین تارانی ناردۆتە پاریس تا گفتوگۆ لەگەڵ خومەینی بکات"[44]، لەوانەشە لەسەر داوای ئەمریکا ئەم کارەی کردبێت کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەکانی ئەمریکاو خومەینی لە پاریس بۆ ڕێکەوتن و لێکنزیك کردنەوەی هەردولا. . هەر چۆنێك بێت بەختیار کۆڵی نەداو سەرەتا لەڕێگەی مەهدی بازرگانەوە ئەو بابەتەی درکاند و پاشان لەلایەن هەریەکە لە ئایەتوڵلا محەمەد بەهەشتی، ئایەتوڵلا مرتچی مگهری یەوە پەسەندکرا و بڕیار بوو بچێتە پاریس.بڕیار بوو بازرگان لەسەر داوای بەختیار تا شاری (نیس) لەفەڕەنسا لەگەڵ بەختیار بڕوات و دواتر بەجیا بچنەلای خومەینی، جارێك بەختیار بەتەنها و جارێك لەگەڵ مەهدی بازرگان لەگەڵ خومەینی کۆببێتەوە[45]، بازرگان ئەم کارەی بەتەواوی ڕێکخست و بڕیاربوو بەختیار پێش ئەوەی بڕواتە پاریس بەیاننامەیەك بە هەماهەنگی شورای ئینقلاب بلاّو بکاتەوەو مەتنی بەیاننامەکە لە ڕێگەی بازرگانەوە بۆ خومەینی نێردرابوو کە تیایدا بەختیار وەك ئێرانییەکی نیشتیمان پەروەر بڕوای خۆی دەربڕی بوو کە خومەینی لە توانایدایە کێشەکانی وڵات چارەسەر بکات و بە پێی بەیاننامەکە دەبوو لەماوەی چل و هەشت کاتژمێردا بەختیار بچێتە پاریس بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خومەینی لەبارەی ئایندەی سیاسی و بارودۆخی ئێران[46].

ماوەیەکی کەم پێش سەردانی بەختیار بۆ پاریس وەك جۆن ستیمپڵ ڕاوێژکاری سیاسی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران ئاماژەی پێدەکات، بەختیارو نوێنەرانی نهچت ئازادی بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان لەگەڵ بەختیار کۆبوونەتەوەو گەیشتونەتە ڕێکەوتن لە سەر دوو ئەلتەرناتیف، یەکەمیان ئەوەبوو کە بەختیار لە سەرۆك وەزیری بمێنێتەوە و ڕیفراندوم ڕێکبخات بۆ ئەوەی خەڵك یەکێك لە سستمی پادشایەتی یان کۆمارێکی ئیسلامی هەڵبژێرن، دووەمیش ئەوەبوو کە بەختیار دەست لە کاربکێشێتەوەو لە لایەن خومەینی یەوە ڕاسپێردرێت بۆ سەرۆکایەتی حکومەتێکی کاتی تا ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت و دەسەلاّت دەگوازرێتەوە بۆ دەستی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك، بەلاّم خومەینی هەردوو پێشنیارەکەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند خۆی حکومەت دادەمەزرێنێت و ڕیفراندۆم ئەنجام دەدا و دەسەلاّت دەداتە دەستی حکومەتێکی پەسەندکراوی خەڵك[47].

---

[41] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١١-٢١٢.

[42] گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٢٠.

[43] سایروس ونس: مصدر پیشین، ص ٤٣.

[44] ابراهیم یزدی: مصدر پیشین ، ص٣٠٢.

[45] گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٢٠.

[46] محمود طلوعی: معمهای تاریخی، ص ٥٢٦-٥٢٧.

[47] Gary Sick: All Fall Down: America's tragic encounter with Iran, iUniverse, U.S.A, ٢٠٠١, P.١٧٦.

ئەم بەرنامەیە ڕوژی هەینی ٢٦ی کانونی دوەم بەتەواوی ڕێکخرا و بڕیار بوو بەیانی ڕۆژی شەممە بەرەو پاریس بکەونەڕێ، بەلاَم لە ناکاو بەختیار ئاگادار کرایەوە کە خومەینی سەرەتا ڕازی بووە، بەس دواتر پەشیمان بۆتەوە[٤٨]، چونکە خومەینی ڕایگەیاندبوو پێش دەست لە کارکێشانەوە ئامادە نییە چاوی بە بەختیار بکەوێت ، بەمجۆرە بابەتی ڕۆیشتنی بەختیار بۆ پاریس و دیدارو گفتوگۆی چارەنوس سازی کە دەیتوانی ببێتە هۆی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەلاَت بە ئارامی و بێ خوێن ڕشتن لە ئێران فەراهەم بکات، شکستی خوارد[٤٩]. دەوروبەرەکەی لەم بارەیەوە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا.بەختیار ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لەسەرەتاوە دەیزانی ناتوانێ لەگەڵ خومەینی ڕێکبکەوێت، بەنی صەدر بە ڕۆژنامە نوسێکی فەرەنسی ڕاگەیاندبوو کە :"ئەگەر بەختیار چاوی بە خومەینی بکەوتایە لەوانەبوو بیتوانیایە ئەو توندییەی خومەینی هێوربکاتەوەو جێگەی خۆی بگرێت، بۆیە لەسودی ئێمە[خومەینی و دەوروبەرەکەی] نەبوو، دەبوو شۆڕش سەرکەوێت و پێویست بوو ئێمە ئەو چاوپێکەوتنە هەڵوەشێنینەوە و ئەنجام نەدری"[٥٠]، لە ڕاستیدا تەنها دەوروبەرەکەی خومەینی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم چاوپێکەوتنەی بەختیارو خومەینی ڕۆڵیان نەبوو، بەڵکو خومەینی هەر لەسەرەتاوە ناڕازی بوو لە هەر حکومەتێ شا دیاریکردبایە، لەبەر ئەوە تەنها یاریکردن بەکات بوو، چونکە خومەینی دوای ڕۆیشتنی شا لە ئێران گومانی لە سەرکەوتنی خۆی نەمابوو، بەختیاریش لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێت بەر بە هاتنەوەی خومەینی بگرێت، تەنانەت لە نزیکترین هاوپەیمانانی لەبەرەی نیشتیمانی ببوو، کەسێکی وای بە دەورەوە نەمابوو بەرگری لێبکات لە ناوخۆی ئێران، بەکورتی ئەو چاوپێکەوتنە دوا چانسی بەختیاربوو، بۆیە خومەینی و شوێنکەوتوانیی لێی پەشیمان بوونەوە، ئەمریکا ڕۆڵێکی نەبوو لەوبارەیەوە.

خومەینی لە کاتی جێهێشتنی پاریس و گەڕانەوەی بۆ ئێران لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی گوتی:" مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە ڕێبەرانی ئاینی، ئیدارەی ولاَت بگرنەدەست"[٥١].خومەینی ئەمە یەکەم جاری نەبوو پێشتریش چەندین جار ڕایگەیاندبوو کە:"لە ئایندەدا[دوای شۆڕش] هەمان ئەورۆڵەم دەبێت کە ئێستە هەمە، ڕۆڵی هیدایەت و ڕێنمونی و هەکاتێکیش بەرژەوەندی هەبێت لە کارێکدا ڕایدەگەیەنم[ڕۆڵی ڕێنمونی و هیدایەت]، بەلاَم من لە خودی حکومەتدا ڕۆڵم نابێت"[٥٢]، هەموو ئەمانە تاکتیکی خومەینی بوون بۆ فریودانی ڕۆژئاواو خەڵکی ئێرانیش، لەڕاستیدا ئەجێندای کارکردن و بەرنامەی خومەینی بۆ ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکاش بە تایبەتی ڕوون نەبوو، توشی جۆرێك لە دڕدۆنگی ببوونەوە لەوەی خومەینی تا ئەو کاتە وتارێکی ڕوونی نەبوو لەبارەی ستراتیجییەتی کارکردن و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، تەنها ئەوەندە هەبوو دڵنیابوون لەوەی دژی یەکێتی سۆڤێت ئاستەنگێکی ڕاستەقینە دەبێت بۆ داهاتوو، جگە لەمەش ولاَتانی ڕۆژئاوا نەیان دەویست بە ئاشکرا دژایەتی یان پشتگیری گەڕانەوەی خومەینی بکەن، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی شۆڕش ببووە

[٤٨] گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٢٠.

[٤٩] حمود طلوعی: معمهای تاریخی، ص٥٢٧-٥٢٨.

[٥٠] گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین ، ص٢٠.

[٥١] بە وەرگرتن لە : رابین رایت: آخرین انقلاب بزرگ (انقلاب و تحول در ایران)، ترجمه: احمد تدین و شهین احمدی، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢، ص٣٩-٤٠.

[٥٢] علی غریب: ایستاده بر آرمان(روایت فروپاشی یك انقلاب)، انتشارات انقلاب اسلامی، المان،١٣٨٥، ص٩.

شتێکی حەتمی نەیان دەویست هەر لەسەرەتاوە ئێرانی داهاتوو بکەنەن دوژمنی خۆیان بۆیە بێ لایەنییان هەڵبژارد و هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو، هەر لایەك لە ململانێی ئێران براوەبێت، ئەوان بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران لەدەست نەدەن.

ئەم تاکتیکەی خومەینی هەرزوو ئاشکرابوو، تەنانەت هەر لەگەڵ گەشتنەوەی بە ئێران خومەینی لایەنگران و هاوپەیمانەکانی ورياکردەوە کە بە ئاگابن و سوربن لەسەر دامەزراندنی سستمێکی ئاینی و هۆشداریشی لەوبارەیەوەدا کە:" دەیانەوێ[ولأتانی ڕۆژئاوا] کە سستمی فەرمانڕەوایی ڕۆژئاوایی بسەپێنن بەسەر ولأتان[مەبەستی خەڵکی ئێرانە]دا، بەشێوەیەك ئازادبن، سەربەخۆبن، بەڵام بەبێ ئەوەی خودایەك هەبێت بیپەرستن، ئەوەش دەبێتەهۆی روخان و هەرەسمان"[٥٣]. ئەم هۆشداری خومەینی بوو بۆ ئالۆزکردنی دۆخەکەو ڕوخانی حکومەتی بەختیار، چونکە لە چاوپێکەوتنێکی بەختیار لەگەڵ ڕادیۆی فەرەنسا لە ٣٠ی کانونی دووەم کاتێك پرسیاری لێکرا لەبارەی ئەوەی دەتوانێت دڵنیابێت لە ئێران کوشتارو کارەسات ڕوونادات؟ بەختیار جەختیکردەوە کە هەموو هەوڵێکی دەدات دۆخی ئێران هێوربکاتەوە ئاماژەی بەوەدا:" میللەتێك کە لەژێر فشارو ئەشکەنجەدابووبێت و ئێستا ئازادییەکی دیموکراتیکی شێوە ئەوروپایی واقیعی بەدەستهێناوە و بەردەوامی بەو ڕێگەی خۆی دەدات"[٥٤].

ڕۆژێك پێش گەڕانەوەی خومەینی ژمارەیەکی زۆری سوپا لە شەقامەکانی تاران بلأوەیان پێکرا وەك هۆشدارییەك بۆ هەوادارانی خومەینی[٥٥]، دواجار خومەینی لە ١ی شوباتی هەمان ساڵ بە سەرکەوتوویی لە فەرەنساوە گەڕایەوە ئێران[٥٦] وسەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بوویە ڕاستییەکی تەواو[٥٧] نزیکەی چوار ملیۆن کەس لە تاران پێشوازی لە خومەینی کرد[٥٨].

**تەوەرەی دووەم:- ئێران لە لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەلأتدا (١ بۆ ١١ ی شوباتی ١٩٧٩):**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد خومەینی لە سەرەتای مانگی شوبات گەڕایەوە ئێران و بەهاتنەوەی خومەینی بە ڕوونی هەست دەکرا کە شۆڕش دوا هەنگاوەکانی بەرەو سەرکەوتن بڕیوە[٥٩]، بەهۆی ئەو پێشوازییە گەورەیەی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە لێی کرا، وەك ڕێبەری دیاری شۆڕش. خومەینی لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا لە شاری تاران وتارێکی توندی دژی حکومەتی بەختیارو ولأتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا دا، و داوای لە سوپاکرد پشتی شۆڕش بگرن و واز لە حکومەتی بەختیار بهێنن کە دەستنیشاندەی ولأتانی بێگانەو شای تاوانبارە، لە ڕاستیدا ئەو وتارە زیاتر چارەنوسی بەختیارو حکومەتەکەی خراپترکرد.

---

[٥٣] رای تقية: إيران الخفية، ترجمة: أيهم الصباغ، مكتبة العبيكان للنشر، الطبعة الاولى، السعودية، ٢٠١٠، ص ٣٥.

[٥٤] اطلاعات، ١٠ بهمن ماه ١٣٥٧.

[٥٥] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٢.

[٥٦] Athan theoharis and others: The Central Intelligence Agency (Security under Scrutiny), Greenwood Press, London, ٢٠٠٦, P.٥٥.

[٥٧] نزار كريم جواد الربيعي: إيران بين مطرقة أمريكا وسندان الأسرة البهلوية، دار ضفاف، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠١٢، ص٢٤٤.

[٥٨] ژان فورن: مصدر ثيشين ، ص١٤٥.

[٥٩] Farhang Rajaee: Op.Cit, P.٩٩.

خومەینی لەو وتارەدا هەروەك جارانی پێشووتری دژی شاپور بەختیار و حکومەتەکەی دوا و لەو بارەیەوە وتی: "ئێمە ئەو وەکیلانە [ حکومەتەکەی شاپور بەختیار ] بەناياسايی دەزانين، ئەو پەرلەمانەش بە نایاسایی دەزانین، ئەو حکومەتە بە نایاسایی دەزانین و ئایا کەسێك [بەختیار] لەلایەن پەرلەمان و شاوە دانرابێت و هەموويان ناياسايی بن، دەبێت کە یاسایی بێت؟ ئێمە دەڵێین ئێوە [ بەختیار] نایاساییین و دەبێت بڕۆن". خومەینی لە وتارەکەیدا بەختیاری بە پیاوی ئەمریکا دایەقەڵەم، وتی: "من بە پشتیوانی ئەم میللەتە، حکومەت دیاری دەکەم، بەهۆی ئەوەی گەل منی پێ پەسەندە... ئەم ئاغایە [شاپور بەختیار] کە خۆیشی لە خۆی ڕازی نییە، هاوکارەکانیشی لێی ڕازی نین [مەبەست بەرەی نیشتیمانی]، گەل قبووڵی نییە، سوپا لێی ڕازی نییە تەنها ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات و ناردوويەتی و فەرمانی بە سوپا کردووە کە پشتیوانی لێ بکەن و ئینگلیزیش پشتیوانی لێ دەکات". خومەینی دەربارەی سوپا وتی: "ئێمە دەمانەوێت ئێوە [سوپا] سەربەخۆبن، ئاغایانی فەرماندە ئێوە ناتانەوێت سەربەخۆبن؟ ئاغای سەرلەشکر ئێوەش ناتانەوێت سەربەخۆبن؟ دەتانەوێت نۆکەربن، من ئامۆژگاريتان دەکەم بێن بۆ باوەشی گەل و هەمان شت بڵێن کە گەل دەیڵێت ئێمە [ئێران] دەبێت سەربەخۆبین، ئیسلام بۆ ئێوە باشترە لە کوفر، گەل باشترە بۆتان لە بێگانە. ئێمە ئەم داوایە لەئێوە دەکەین، ئێوەش بۆ خۆتان ئەم کارەبکەن و ئەمانە [حکومەتی شاپور بەختیار] وازلێبێنن"[٦٠]، بەکورتی خومەینی بەئاشکرا حکومەتی بەختیاری بە دەستنیشاندەی ئەمریکا و دوژمنی خەڵکی ئێران ناوبرد.

لەسەرەتادا بەختیار وایلێکدایەوە کە خومەینی بە جدی نییە و لە ڕاستیدا بەختیار چاوەڕێی هەنگاوێکی گەورەی لە خومەینی نەدەکرد کە ببێتە هۆی ڕوخانی دەسەڵاتەکەی، جگە لەوەش بەختیار بەهیوابوو خومەینی لە هەنگاوی یەکەمدا خەڵکێکی وا بەدەم بانگەوازو وتارەکانییەوە نەیەت و کاریگەری شەقامی ئێران لەدەست بدات، جگە لەوە بەختیار بە پشتگیری وڵاتانی دەرەوە سەرمەستبوو بۆیە خەمساردانە هەنگاوی نا بگرە هەر فریای خۆ ئامادەکردن نەکەوت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشهاتێکی لەو شێوەیە، هەروەها پشتگیرییەکانی دەرەوەش لەسەروی هەموويەوە بونە کەفی سەر ئاوو تێکڕایان بێدەنگیان هەڵبژارد و کارێکیان نەکرد لەوەی بەختیار پێشبینی دەکرد، بەم جۆرە کەچی پێچەوانەکەی پێشبینی بەختیار ڕاست دەرچوو لەبارەی خومەینی یەوە، چونکە تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی نەبرد کە خومەینی حکومەتێکی بە ڕاسپاردنی مەهدی بازرگان ، ڕاگەیاند، کە کەسایەتییەکی ئاینی و لیبراڵی ناسراو[٦١] و دیموکراتی بوو، سەرەڕای لایەنگری لە فکرەی شۆڕش لە ئێران[٦٢].هەر بۆیە خومەینی دواتر ئەوەی ئاشکراکرد کە لەبەرناچاری و نەبوونی هەڵبژاردەیەکی دیکە بازرگانی پەسەندکردووە و پەنای بردۆتەبەر بۆ پێکهێنانی کابینە، هۆکارەکەش ڕون بوو کە بازرگان کەسێکی لیبراڵ و دیموکراتیخوازبوو لە بیروباوەڕدا[٦٣].

لە ڕۆژی (٥)ی شوبات خومەینی نامەیەکی بۆ بازرگان ناردو ڕایسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی و لای خۆیەوە بازرگان سەرەڕای سەختی و مەترسیداری بارودۆخەکە لەرێگەی نامەیەکەوە بۆ خومەینی ڕەزامەندی

---

[٦٠] بۆ تەواوی دەقی وتارەکە بڕوانە: عبدالرضا هوشنگ مهدوی: انقلاب ایران به روایت رادیو BBC، صص٥٠٧-٥١٣.

٦١حمید الانصاری: حدیث الانطلاق ( نظرة الى الحیاة العلمیة والسیاسیة للامام الخمیني الراحل)، مؤسسة تنظیم و نشر تراث الامام الخمینی-الشؤن الدولیة، الطبعة السادسة، طهران، ٢٠٠٣، ص١٧٢.

٦٢ رای تقیة: المصدر السابق، ص ٣٣.

٦٣ حسن میلانی: مصدر پیشین، ص٢٦٣.

دەربڕی لەوبارەیەوە[٦٤]. هەر ڕاستەوخۆ ئۆپۆزسیۆن بە پێچەوانەی بەختیارەوە ڕەزامەندی بێ قەیدو مەرجی بازرگانیان کرد[٦٥].دیاریکردنی بازرگان وەك سەرۆك وەزیر لەڕاستیدا مانۆڕێکی زیرەکانەی خومەینی بوو[٦٦] بۆ جێگیرکردنی پایەکانی دەسەڵاتی بوو، بەم شێوەیە دوو حکومەت لە ئێراندا فەرمانڕەوا بوون.بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات سەرقاڵی چاودێری هەنگاوەکانی یەکتربوون، لەلایەکی ترەوە بەردەوامی پێکدادان لە شەقامەکان ببووە هۆی لاوازبوونی ڕۆحییەتی سوپا[٦٧]. بەرامبەر بە بارودۆخەکە. بەختیار بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی بەلای خۆی و دورخستنەوەی چاوی خەڵك لە خومەینی چەند پڕۆژەیەکی پێشکەشی پەرلەمان کرد بۆ پەسەندکردنی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ساواك، دەرچون لە پەیمانی سنتو، دادگاییکردنی کەسانی گەندەڵ و تاوانباری سەردەمی شا و ڕەتکردنەوەی پەیماننامە گرانبەها سەربازییەکانی سەردەمی شا، لەپاڵ ئەوەشدا هەندێ خۆپیشاندانی بچوك بۆ پشتگیری بەختیار بەڕێوەچوو، بەڵام تازە کار لەدەست دەرچووبوو[٦٨]، ئەستەم بوو دوای گەڕانەوەی خومەینی بەختیار بتوانێ سەرکەوتوو بێت، چونکە خومەینی لە تاراوگە توانیبووی تەواوی نەیارانی ملکەچ پێبکات، ئیتر لە گۆڕرپانی ئێران ئاسانتربوو بەختیار شکست پێبهێنێت، لەبەر ئەوەی تەنها بەختیار مابوو ڕکەبەری سەرەکی خومەینی بێت.

ئەمە پاڵی نا بە شاپور بەختیارەوە بەیاساییبوونی خۆی ڕاگەیەنێت و بە خومەینی وت: "ئەگەر لە شاری قوم حکومەتێکی وەك ڤاتیکان دامەزرێنی ئەوە گرفت نابێت، بەڵام وەك حکومەت تەنها حکومەتی من یاساییە"[٦٩]، ئەمەش پاشەکشەی بەختیار بوو لە بەڵێنەکانی پێشووتری کە بڕیاری دابوو هەر حکومەتێك لەلایەن خومەینی یەوە دیاری بکرێت ئەندامانی حکومەتەکە دەستگیر دەکات[٧٠].

دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی لە هەمان کاتدا خومەینی کۆمەڵێ بیروباوەڕی خۆی هەبوو کە سوربوو لەسەر ئەوەی لە ئێراندا بیانچەسپێنێت، لەمڕوەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی کاتی، خومەینی هەوڵیدا بۆ خۆڕزگارکردن لەوکەسانەی کە بە مەبەستی بەرژەوەندی پاڵیان دابووە خومەینی و ببونە لایەنگری و لەلایەکی ترەوە پشتگیریکردنی پایەکانی سستمی حوکمی خۆی و گەرەنتی کردنی بەردەوامی باڵادەستی پیاوانی ئاینی بەسەر دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی درێژ هەتا دوای نەمانی خومەینی خۆیشی لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا[٧١].

---

[٦٤] بۆ دەقی بەیاننامەکە و وەڵامەکەی بڕوانە: مهدی بازرگان: انقلاب ایران در دو حرکت، چاپخانە نراقی، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٣، ص٧٧؛ ابراهیم یزدی: مصدر پیشین، ص٣٨٦-٣٨٧ ؛ عبدالرضا هوشنگ مهدوی: انقلاب ایران به روایت رادیو BBC، ص٥١٤.

[٦٥] James A. Bill: Op.Cit, P.٢٦٤.

[٦٦] محسن میلانی: مصدر پیشین، ص٢٦٢.

[٦٧] برژینسکی: اسرار سقوط شاه و گروگانگیری (خاطرات برژینسکی مشاور امنیتی کارتر)، ترجمه: حمید احمدی، انتشارات جامی، تهران، ١٣٦٢، ص١٠٥.

[٦٨] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٢.

[٦٩] غلامرضا نجاتی، التاریخ الایران المعاصر(ایران فی عهد الثهلوی)، ترجمة: عبدالرحیم الحمرانی، مؤسسه دار الكتاب الاسلامي، قم، ٢٠٠٨، ص٧٣٠.

[٧٠] Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٢.

[٧١] رای تقیة: المصدر السابق، ص ٣١.

دوای دامەزراندنی حکومەتی بازرگان فەرماندە سەربازییەکان بە ئاشکرا هەستیان بە بێ توانایی بەختیارکرد لەبەرامبەر خومەینی بۆیە کەوتنە گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەگەڵ خومەینی[72] و لەو چوارچێوەیەدا لە ٨ی شوبات فەرماندە سەربازییەکانی هێزی ئاسمانی لە مەدرەسەی عەلەوی کە خومەینی کردبوویە شوێنی مانەوەی لە تاران، پشتگیری خۆیان بۆ خومەینی پیشاندا. لە ڕۆژی دوای ئەم پشتگیرییە بەشێکی زۆری هێزی ئاسمانی یاخیبوون لە گرنگترین بنکەی سەربازی لە تاران، هەرچەندە هێزی پاسەوانی مەلەکی هەوڵیدا ئەم یاخیبوونە سەرکوتکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو[73]. لەلایەکی ترەوە لە هەمان ڕۆژدا لە خۆپیشاندانێك دا لە زانکۆی تاران کە بازرگان تیایدا بەشداربوو، ڕایگەیاند پێویستە لێدانی توند لە حکومەتەکەی بەختیار بەردەوامی هەبێت هەتا دەست لە کار دەکێشێتەوە، هەروەها بازرگان جەختیشی کردەوە دەبێت دڵنیایی بدرێتە بەختیار ئازار نەدرێت بەهۆی ئازادکردنی ڕۆژنامە و خۆپیشاندان و بەردانی زیندانیان و هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆی چەند کاتژمێری کە پێشتر پەیڕەو دەکرا...هتد[74].ئەمەش بۆ ئەوەبوو بەختیار لە کۆتا ساتەکاندا بە ئاشتی واز لە حکومەت بهێنێت، بەڵام بەهۆی پێکدادانەکانەوە لە ١٠ی شوباتدا زۆربەی بنکەکانی پۆلیس و دامەزراوە حکومییەکانی دەوڵەت کەوتنەدەست خەڵك[75]. و بەختیار دەسەڵاتێکی نەمابوو بەسەر وڵاتدا. هەریەك لە هاوپەیمانەکەکانی بەتایبەت ئەمریکا لەوکاتەدا بەتەنیا بەختیاریان لە گۆڕەپانەکەدا واز لێهێنا و کردیانە پارووپەکی ئاسان بۆ خومەینی، یەکێتی سۆڤێتیش ئەوە هەرچی لەدەست هات دژی بەختیار کردی هەر لە پڕوپاگەندە دژی بەختیار و هاندانی خومەینی و لایەنگرانی.

بڕیاربوو لە ١١ی شوبات کۆبوونەوەیەك لەنێوان بەختیارو عباس قەرەباغی ئەنجام بدرێت و تیایدا پلان دانرابوو بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەربازی ڕاگەیەنرێت و هاتوچۆ قەدەغە بکرێت و هەرکەس سەرپێچی کرد دەستگیر بکرێت، ئەم پلانە لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئێران کە لە فەرماندە باڵاکان و سەرۆك وەزیر پێکهاتبوو، پەسەند کرابوو، بەڵام کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدرا[76]، لەبەر ئەوەی تەواوی شار لە بارودۆخی یاخیبووندابوو هەر چەند سەد مەترێك بەربەست دروستکرابوو ئاگر کرابوویەوە و پڕوپاگەندەی ئەنجامدانی کودەتا لە وڵات بە فراوانی بڵاوبوویەوە زۆرێك بڕیاری ڕێگری لە هاتن و چونێ کە حکومەت ڕایگەیاندبوو بە پێشەکییەك بۆ کودەتا دەزانی، هەر لەبەر ئەمە خومەینی داوی کرد خەڵکی لە شەقامەکاندا بمێننەوەو لەکاتی پێویستدا بەرگری بکەن، لەسەر وتەی خومەینی خۆپیشاندان بەردەوام بوو لەپاڵ ئەمەدا پشتگوێ خستنی فەرمانەکانی فەرمانداری سەربازی شاری تاران بوویە هۆی شکستی ئەم هەوڵە [77].لەم هەل و مەرجەدا سەر لەبەیانی ڕۆژی دواتر کاتژمێر ١٠و نیو قەرەباغی تەلەفۆنی کرد بۆ بەختیار و پێی ڕاگەیاند کە سوپا بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندووە، ئەوەش لەپێناو بەرگرتن لە خوێنڕێژیی و ناسەقامگیری لە وڵات. لەو کۆبوونەوەیەدا کە بیست و حەوت فەرماندەو یاریدەدەرو سەرکردەو بەرپرسانی دەزگا جیاوازەکانی سوپای شا بەشداربوون و دوای دوو

---

[72]Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٣.

[73] حمید الانصاری: المصدر السابق، ص١٧٥.

[74]Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٣.

[75] حمید الانصاری: المصدر السابق، ص١٧٥.

[76] عبدالرضا هوشنگ مهدوی: انقلاب ایران به روایت رادیو BBC، ص٣٨٩-٣٩٠.

[77] همان مصدر، ص ٣٨٤.

كاتژمێر گفتوگۆ و لەڕێگەی بەیاننامەیەكەوە، سوپا بێلایەنی خۆی لە ململانێكانی سیاسییەكانی ناوخۆی ولات، ڕاگەیاند[٧٨]، ئەمەش دوای ئەوەهات كە لە چەند ناوچەیەك پێكدادان ڕوویدابوو، ژمارەیەكی باش چەك كەوتبوونە دەستی خەڵك، بۆ ڕێگرتن لە پێكدادانی زیاتر فەرماندەكانی سوپا لە كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ كۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورای سەربازییان ئەنجامدا و دەنگیان دا بە چوونەپاڵ شۆڕشی گەل و پشتگیری و گوێڕایەڵ بوون بۆ حكومەتی كاتی مەهدی بازرگان و دوای كۆبوونەوەكەیش ئەم هەڵوێستەیان لەڕێگەی بلاوكردنەوەی ڕاگەیەندراوێكەوە كە بە ناوی ئەنجومەنی شورای سەربازییەوە لە ڕادیۆوە خوێندرایەوە، دووپاتكردەوە، كە لەمەدا عەباس قەرەباغی ڕۆڵێكی بەرچاوی بینی لە ڕازیكردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شورای سەربازیی لەسەر ئەم هەڵوێستەیان[٧٩]. لەم بارودۆخە شێواوەی ئێراندا بەختیار هەستیكرد بێ پشتیوان ماوەتەوەو لەهەمان ڕۆژدا هەستی بەخراپی بارودۆخەكەو دەرئەنجامەكانی كرد و لە كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆوە بە دواوە بەتەواوی لە نووسینگەی خۆی دیارنەما و خۆی حەشاردا، دواتر بە نهێنی هەڵات بۆ دەرەوەی ولات[٨٠].

بەكەوتنی حكومەتەكەی بەختیار لە ١١ی شوبات، مەهدی بازرگان كە پێشتر لە مەدرەسەی علوی بوو لەتاران بە كرداری كاروباری ولاتی بەدەستەوەگرت و لە نوسینگەكەی بەختیار دەستی بەكار كرد[٨١]. دوو ڕۆژ دوای كەوتنی حكومەتەكەی بەختیار خومەینی بانگەوازی كۆتایهێنان بە مانگرتنی ڕاگەیاند و بۆ دڵنیاكردنەوەی كەمینە ئاینی و نەتەوەییەكانیش و دوركەوتنەوەیان لە نانەوەی ئاڵۆزی و بێسەرەوبەرەیی، خومەینی لەهەمان ڕۆژدا لە پەیامێكیتردا جەختیكردەوە، كە ژیانێكی ئازادانەو باشیان دەبێت و هۆشداریدا كە دەستدرێژیكردنەسەریان بە پەرتەوازەكردن ونانەوەی ئاڵۆزی دایەقەڵەم و دژی وەستایەوە[٨٢].

بە ڕۆیشتنی شا لەئێران وسەركەوتنی شۆڕش بێگومان سیمایەكی بنەڕەتی لە سیماكانی گۆڕانكاری ڕادیكاڵی، خۆیدەبینییەوە لە دووبارە دابەشكردنەوەی ناوەندەكانی دەسەلات و هێز لە ئێراندا[٨٣]، پاشان ئایندەی سیاسی ئێران چۆن بەڕێوەببرێت، ئەم ململانێیە لەپێناو بنیاتنانی سستمێكی نوێ لە باڵی ئاینی بە نوێنەرایەتی خومەینی و لەبەرامبەردا سیكۆلارو چینەكانی ناوەند و هەتا چینی گشتی[٨٤] و لیبراڵەكان بەرامبەریان لە

---

[٧٨] بۆزانیاری زیاتر لەبارەی چۆنێتی كۆبوونەوەكە، ئەندامانی و بیروڕای بەشداربووان، بڕوانە، عباس قرباغی: مصدر پیشین، صص٣٤٩-٣٧٠؛ غلامرضا نجاتی، تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران از كود تا انقلاب، جلد دوم، مؤسسات خدمات فرهنگی رسا، چاپ هشتم، تهران، ١٣٨٦، ص٣٩٢ ؛ گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین، ص١٠٦.

[٧٩] اسكندر دلدم: حاجی واشنگتن (تاریخ روابط ایران و آمریكا در روزگار قاجاریه و پهلوی)، نشر گلفام، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١، ص٦٢٩.

[٨٠] سەبارەت بە چۆنێتی دیارنەمانی بەختیار بڕوانە عباس قرباغی: مصدر پیشین، صص٣٧٠-٣٨٧ ؛ فریدون هویدا: مصدر پیشین، ص٢١٢.

[٨١]Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٢.

[٨٢] احمد سمیعی: طلوع وغروب دولت مؤقت، انتشارات شباویز ، تهران، ١٣٧١ ، ص١٥.

[٨٣] ریتشارد دبلیو كوتام: الثورة الایرانیة، لە كتێبی : عرفان عبدالحمید فتاح: الدین والدولة في ایران(مجموعة دراسات استشراقیة)، دار التجدید للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، مالیزیا، ٢٠٠٢، ص٥٩-٦٠.

[٨٤]Michael M. J. Fischer: Op.Cit, P.٢١٢.

خومەینی گرتبوو، بازرگان و لیبراڵەکانی هەواداری جەختیان لە گەڕانەوە بۆ دەستوری ١٩٠٦* دەکردەوە و خومەینیش نیازی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هەبوو[٨٥]، بەڕێبەرایەتی خۆی، لەبەرئەوەی پێی وابووحکومەتێك کە بە هۆی ڕۆحانی(ئاخوندێکەوە) ئیسلامییەوە بەڕێوە ببرێت، هۆکارێکە تا کۆمەڵگایەکی یەکسان بێتە کایەوەو دادوەری باڵادەست بێت[٨٦]، هەر بۆیە خومەینی توانی بە ئاسانی پاشەکشە بە گشت نە یارانی بکات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێرانی دوای شۆڕش لە ماوەیەکی کەمدا[٨٧].

بەمجۆرە خومەینی و ئاخوندەکانی توانییان بەرهەمی شۆڕش بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، بەلاّم هۆکاری ئەوە چیبوو کە خومەینی و ئاخوندەکان توانیان تەواوی ئەوانەی دەوروبەریان دوربخەنەوەلە گۆڕەپانی سیاسی دوای شۆڕش و دەسەلاّت کۆنترۆڵ بکەن بۆخۆیان ؟ زۆر هۆکار لەپشتی ئەمەوەن گرنگترینیان ئەوەبوو ئاخوندەکان لە بنەڕەتدا پشتیوانی قوڵ و فراوانی خەڵکی ئاسایی ئێرانیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا ئایین ڕۆڵێکی زۆر قوڵی هەبوو لەوەی کە شا درکی پێکردبوو لەگەڵ زیادبوونی گەندەڵی ڕژێمی شا تا دەهات دەسەلاّتی مەعنەوی ئاخوندەکان زیاتر دەبوو، دواتر پارتە سیاسییە لیبراڵەکان لەماوەی فەرمانڕەوایی سەرکوتکاری و دیکتاتۆری شادا لاوازببون و پەیوەندییان بە جەماوەرەوە پچڕابوو، ، هۆکارێکی دیکە خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە ئاخوندەکانی ئێران لەهەر گروپێکی تر زیاتر ئامادەبوون بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی دوژمنەکانیان، لە بلاّوکردنەوەو زیادەڕەوی لە کوشتن، زیندانی و سەرکوتکاری، ئەمەش یارمەتیدان بۆ کۆنترۆڵکردن و باڵادەستی بەسەر سستمی دەسەلاّتی دوای شۆڕش کە ئێرانییەکان بەهیوابوون بەو گۆڕانکاری یە بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخە دیموکراتی یەی سەردەمی

---

* ئەم دەستورە سودی لە دەستوری بەلجیکی وەرگرتبوو کە لە ١٨٣٠ دەرچووبوو، بەلاّم لیژنەی داڕێژەری دەستور سوربوون لەسەر ئەوەی ئاینی ئیسلام بە پێی مەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامی دابڕێژرێت و بۆ پاراستنی ئەم بنەمایە لە مادەی تایبەتکرابوو بەوەی لە هەر دەورەیەکی مەجلیس لیژنەیەکی پێنج کەسی لە موجتەهیدان پێکبێت و بچنەوە بەسەر تەواوی پرۆژە یاسا پەسەندکراوەکاندا و هەرچی دژی ئاینی ئیسلامە ڕەتیکەنەوەو بڕیاری ئەم لیژنەیە ڕاستەوخۆ جێبەجێبکرێت و نابێت مادەی یەك و دوو کە بگۆڕدرێت کە تایبەتمەند بوو بەم بابەتە، هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان واتە ئیمام مەهدی چاوەڕوانکراو، لە ڕاستیدا ئەمە بۆ ڕازیکردنی ئاخوندەکان بوو کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە شۆڕی دەستوری، هەروەها سستمی حوکم پەرلەمانی دەبێت و هەر مەجلیسێك دووساڵ دەبێت و مافی هەموارکردنەوەی یاساکان و قەرزو بودجەی دەوڵەتی خستبووە دەستی مەجلیس، هەروەها دەستور جەختی دەکردەوە سستمی سیاسی ئێران لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ولاّت پشتاوپشت دەبێت و شا سەرکردەی باڵای سوپابوو، پاشان مافی دامەزراندنی نیوەی ئەندامانی مەجلیسی هەبوو، ، جەختکرابوویەوە لەسەر یەکسانی هاولاّتیان و ئازادی بلاّوکردنەوە....هتد. بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: فریدون آدمیت : ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، جلد نخست، کانون کتاب ایران، چاپ دوم، سوئد، ١٩٨٥، ص ٣٨٣-٤٢٣.

[٨٥] محسن میلانی: مصدر پیشین، ص٢٥٩-٢٦٠.

[٨٦] مازیار بهروز: گرایش ها در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران ١٩٧٩-١٩٨٨، ترجمە: سید داوود آقایی. لە کتێبی: نیکی کدی و مارك گزیوروسکی(ویراستاران): نەشرقی-نەغربی(بررسی روابط ایران با اتحاد شوروی و ایالات متحده امریکا)، ترجمە: الهە کولائی، ابراهیم متقی و.سید داود اقایی، نشر میران، تهران، ١٣٨٦، ص١٨.

[٨٧] ویلیام شوکراس: آخرین سفر شاه (سرنوشت یك متحد امریکا)، ترجمە: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر البرز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٩، ص٣٣٨.

دکتۆر محەمەد مسەدیق لە ١٩٥٣ لە ڕێگەی کودەتایەکەوە بەڕێبەری ئەمریکا و بەریتانیا لەدەستیاندابوو[٨٨]. لەپاڵ ئەمانە خومەینی وەك ڕێبەری ڕادیکاڵی باڵی ئاینی، نەرمییەکی سەرسوڕهێنەرو لێهاتووییەکی بێ سنوری هەبوو لە تاکتیکەکانی بۆگەیشتن بەئامانجەکەی کە ڕوخانی سەڵتەنەتی شابوو. بۆنمونە لەگەڵ هەموو دەستەو گروپ و پارتێك هاوکاری دەکرد کە لەگەڵیدا هاوڕابێت لەسەر ڕوخانی حکومەتی شا، خومەینی هەرگیز بایەخی نەدەدا بە بیروبۆچن و ئایدۆلۆژیای ئەو دەستەو گروپ و پارتانە لەوەی کۆمۆنیستن یاخود بێ باوەڕ یا لیبراڵ هەتا ئاژاوەگێڕیش بوونایە[٨٩]. تەنانەت حکومەتی بازرگانیش هیچ نەبوو تەنها تەکتیکێکی زیرەکانەی خومەینی نەبێت بۆ فریودانی هەمولایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش، ئەم بڕوایەی خومەینی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، تێگەیشتبوو هیچ گروپێك بە تەنها ناتوانێ سەرکەوتووبێت لە ڕوخاندنی شا، بێزاری زیاد لەڕادەی خەڵك لەشا و کاریزمایی خومەینی لە گۆڕەپانەکەدا ئەم هاوپیمانێتی یەی دروستکرد[٩٠]، بە کورتی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەك ئامرازێك بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە دەسەلأت و لەو ڕووەوە سەرکەوتووش بوو. سەرەڕای ئەوەش لێکۆڵینەوەی سەرکەوتنی خومەینی لە گێژاوە پڕئاڵۆزیی و بێ سەروبەرییە پێویستی بە قسەی زیاتر هەیە کە لێرەدا مەودا نییە بە دورودرێژی باس بکرێت و هەندێك هۆکاریش هەر بە ناڕوونی ماونەتەوە.

**تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئێران لە ڕۆیشتنی شا بۆ تاراوگە تا سەرکەوتنی خومەینی:**

هەر لەسەرەتای حکومەتی شاپور بەختیارەوە، کەسانی دەوروبەری خومەینی لە پاریس لە پەیوەنیدا بوون لەگەڵ ئەمریکا بۆ پاراستنی پەیوەندی باشی ئێران و ئەمریکا دوای کەوتنی سستمی شا و لەوبارەیەوە بەڵێنیان بە ئەمریکا دەدا بۆ ئاینده، تەنانەت خومەینی لە چوارچێوەی هەڵمەتە توندەکانی بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ پارێزگاری لە ڕژێمی شا جارێك چڵی زەیتونی بەرز دەکرەوە و لە دەڕۆژی یەکەمی کانونی دووەمی ١٩٧٩ دا کە لە ڕۆژنامەکانی واشنگتن پۆست و لۆمۆندی فەڕەنسی بڵاو دەکرانەوە جەختی دەکردەوە ئەمریکا نابێت بترسێت لە ڕۆیشتنی شا بۆ تاراوگەو وتی:" ئەگەر ئەمریکا خۆی بپارێزێت لە دەستوەردان لە کاروباری ئێران و بەرپرسان و ڕاوێژکارانی کە لە ئێران دەستێوەردان دەکەن، بانگهێشت بکاتەوە دەتوانێت پەیوەندی باشی لەگەڵمان هەبێت" و لەبارەی ڕۆیشتنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا دڵنیایی دایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بەلأم هەرگیز ئەمریکا و ڕۆژئاوا دڵنیانەبوون لە مانەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران بە جێگیری، چونکە خومەینی هەرگیز گەرەنتییەکی جێگیری بۆ داهاتوو پێنەبوو سەبارەت بە ستراتیجی کارکردنی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەڵبەت ئاماژە ئومێد بەخشەکانی خومەینی دەربارەی ئایندەی ئێران زۆر کەم و جیاواز بوون، چونکە خومەینی لە زۆربەی بەیاننامەکانیدا ڕەخنەی لە ڕۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا دەگرت و ئەمریکای بەهۆکاری بەدبەختی ئێرانی دەدایە قەڵەم[٩١]، بەگشتی خومەینی لەبارەی زلهێزەکانەوە دەیوت:"ئێمە دەبێت حسابی خۆمان لەگەڵ زلهێزەکان یەکلابکەینەوە و پێیان پیشان بدەین کە سەرەڕای هەموو ئەو کێشە دەردناکانەی ئێمەی لەگەڵ ئەوان

[٨٨]Stephen Kinzer: Reset; Iran, Turkey and American's Future, Henry Holt and Company, New York, ٢٠١٠, P.١١٤.

[٨٩] ذيبان الشمری: إيران بين طغيان الشاه ودموية الخميني، الطبعة الاولى، بدون مكان الطبع، ١٩٨٣، ص ١٤٦.

[٩٠] محسن میلانی: مصدر پیشین، ص٢٥٩-٢٦٠.

[٩١]Barry Rubin: Op.Cit, p.٢٤١.

ڕووبەڕوو کردۆتەوە، دەتوانین لە لایەنی ئایدۆلۆژییەوە بەسەر جیهاندا بالأدەست بین" و خومەینی بانگەشەی ئەوەی دەکرد :" ئێمە ڕازی نابین لەژێر دەسەلأتی ئەمریکاو سۆڤیێت دابین... زلهێزەکان دەیانەوێت زاڵبن بەسەر تەواوی دونیاو بڕیارەکانی مرۆڤایەتی:"[92]. لە ڕۆژە چارەنوس سازەکانی ئێراندا دوای ڕۆیشتنی شا و پێش گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، جەنەڕاڵ هویزەر ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئێران[93]، تەنانەت وەکو شا دەسەلأتی دەکرد هەروەك چۆن ڕۆژنامە ڕوسییەکان ئاماژەیان پێدەکرد کە هویزەر :" بووتە شای ئێران"[94].وەك ئاماژەیەك بە دەستێوەردانە فراوانەکانی لە کاروباری ناخۆی ئێران.

هەردوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی لە ٥ ی شوبات بەسەرۆکایەتی بازرگان، لەلایەن خومەینی یەوە ، ئەمریکا لە یەکەمین کاردانەوەی خۆی (هودینگ کارتەر- Hodding Garter) وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ئاشکرایکرد تەنها مامەڵە لەگەڵ حکومەتی شاپور بەختیار دەکەن وەك حکومەتێکی فەرمی ئێران[95]، کەچی هویزەر پێش بەجێهێشتنی ئێران کۆتا هەوڵیدا بۆ پاراستنی ئێران لە چوارچێوەی تەوەرەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا ئەویش ئەوەبوو کە چاویکەوت بە عباس قەرەباغی و هانیدا لەگەڵ مەهدی بازرگان کە خومەینی وەك سەرۆك وەزیران دیاریکردبوو، کۆببێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەنوەرساداتی سەرۆکی میسر بە شاپور بەختیاری ڕاگەیاندبوو کە شا پێی وتووە دوای ئەوەی شا ئێرانی جێهێشت، فەرماندەکانی سوپا زۆر فەرمان لە کەسانی بێگانە وەردەگرن[96]. واتە سوپا پشتیکردە حکومەتەکەی بەختیار و بەمەش سوپا نەك بێلایەنی ڕاگەیاند، بەڵکو هۆکارێکیش بوو بۆ ڕووخانی کۆتا حکومەتی سەڵتەنەتی شا.ئەمە لە کاتێکدابوو کە هێشتا شاپور بەختیار سەرۆك وەزیر بوو، لای خۆیەوە شا ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێت:"جەنەڕڵ هویزەر سەرکەوتووبوو لە ڤایلکردنی جەنەڕاڵەکانی سوپا کە واز لە دکتۆر شاپور بەختیار بهێنن"[97]، هۆکارەکە ئەوەبوو، لەڕاستیدا ئەمریکا جۆرێك لە دڵنیایی بۆ دەرکەوتبوو لەوەی حکومەتی بەختیار ناتوانێت لەبەردەم فشارەکانی خومەینی خۆی بگرێت و دەروخێت، بۆیە ئیدارەی ئەمریکا ئومێدەوار بوو هاتنی ڕژێمێکی ئیسلامی بەهۆی هەستی دژە کۆمۆنیستی، ڕۆڵی بەربەست لەبەردەم فراوانخوازیی یەکێتیی سۆڤییەت ببینێت زیاتر لە ڕژێمی شا[98]. کە ئامانجی سەرەکی ئەمریکا ئەمەبوو نەك پشتیوانی سەڵتەنەتی شا.

شتێکی ڕوونیش بوو کە ئەمریکاو ئێران ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەوتنی شادا نەبوونە دوژمنی یەکتر، بەڵکو هەردوولا پارێزگاریان لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان یان کرد و هەردوولا هەنگاویان هەڵهێنا بۆ دڵنیاکردنەوەی یەکتر[99]، لەم ڕووەوە جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمریکا هەر لەگەڵ کەوتنی حکومەتەکەی بەختیار، هەوڵیدا کە

[92] مازیار بهروز: مصدر پیشین، ص١٨.

[93] محمود طلوعی: حدیث نیك و بد، ص ٣٨٧.

[94] رابرت هایزر: مصدر پیشین، ص١٣٦.

[95] جمیله كدیور: رویاروی انقلاب اسلامی ایران و آمریكا، انتشارات اطلاعات، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٩، ص٢٠٢.

[96] گروه خبرنگاران سیاسی رادیو ایران: مصدر پیشین، ص٤٦.

[97] ذیبان الشمری: المصدر السابق، ص٧٩.

[98] حمید معبادی و حسن خوداوردی: قدرتهای بزرگ و جمهوری اسلامی ایران، مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران، ١٣٨٥، ص١٩٣.

[99] روبرت سنایدر: الولایات المتحدة الأمریکیة و إیران(تحلیل العوائق البنیویة للتقارب بینهما)، مرکز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، الطبعة الاولی، أبوظبي، ٢٠٠٣، ص١٣.

پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی مەهدی بازرگان، کەم تا زۆر ئاسایی بێت[100]. ئەم هەڵوێستەشی بە ئاشکرا ڕاگەیاند و ڕۆژێ دوای کەوتنی حکومەتەکەی بەختیار، ئاشکرای کرد:"ئەوە ئیرادەی گەل بوو شای سەرۆنگون کرد ،و ئێمە ئامادەین لەگەڵ حکومەتی بازرگان هەماهەنگی بکەین"[101].نەك كارتەر بگرە هەندیك لە بەرپرسەكانی ئەمریکا بۆیان ڕوون بوویەوە هەر لەسەرەتاوە کە شۆڕشی ئێرانی بە ڕەواجدانی بە ئایۆلۆژیای ئیسلامی دژی مارکسی وئیشتراكییەتە و لەوانە نییە ڕێگایەكی دوژمنایەتی بەرامبەر ئەمریکا بگرێتەبەر، هەروەك ریچارد كۆتام(Richard Cottam) ئاماژەی پێدەدات کە:"سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئەو گریمانەیە بوو، کۆماری ئیسلامی کە هاتبوویە کایەوە بووەتە ڕاستییەکی دیفاکتۆ"[102]. لەڕاستیدا سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران و گۆڕینی ڕژێم ڕوداوێکی زۆر مەترسیداربوو نەك تەنها بۆ ئێران، بەڵکو بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی[103]، ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا هەر زوو هەستیان بەم مەترسیەکرد، بەلاَم تازە کارلەکار ترازابوو، هەموشتێك لەدەست چووبوو.

لە تێڕوانینی سۆڤێتی یەکانەوە شۆڕش ئێرانی ڕووبەڕووی زنجیرەیەك پرس وكێشەی تیۆری-ئایدۆلۆژی و کردەیی کردەوە، هەروەك مۆسكۆ نەك هەر ئەوەی ناچاربوو بە نەخش و ڕۆڵی ڕۆحانییەت و مەزهەبی شیعە بچێتەوەو خۆی ساغ بکاتەوە لەو بارەیەوە، بەڵکو بەو چەشنەش ناچاریش بوو کە وریابێتەوە لەگەڵ ململانێی توند لە بارەی زیان و کەم بوونەوەی زۆی پەیوەندیەکانی پێشووتری لەگەڵ ئێران و لەبەرامبەر سیاسەتی خومەینی بۆ ناردنەدەرەوەی فکرەو بەرنامەی شۆڕش بۆ وڵاتانی دیکە[104].کە لە ڕاستیدا ئەمە ئەو هەڕەشەیە بوو کە نەك سۆڤێت، بەڵکو هەمو ناوچەکەو جیهانیش لێی دەترسان.

سۆڤێت لە سەرەتاوە پشتگیری شۆڕشی نەکرد و لایەنگری سەڵتەنەتی شابوو، چونکە شۆڕشەکە مۆرکێکی ئاینی وەرگرت بەتایبەتی دوای ئەوەی تا دەهات خومەینی وەك ڕەمزێکی دیاری شۆڕش سەرنجی تەواوی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، سۆڤییێت خۆشی بەوە نەدەهات، چونکە لەگەڵ فکرەی مارکسی دژی یەکتربوون و بگرە کرملین ئەمەی بە مەترسی بۆسەر ئەفغانستانیشی دەزانی کە ئەو شۆڕشە ئەوێش بگرێتەوەو بە سستمێکی سیاسی ئاینی دەوری بگیرێت، تاکو بارودۆخەکەی بۆ ڕۆشن بوویەوە کاتێك لە حەتمییەتی سەرکەوتنی شۆڕش دڵنیابوو ئیتر کەوتە پشتگیری شۆڕش وەك هەوڵێك بۆ خۆ لادان لە هەر هەڵوێستێکی دوژمنانەی حکومەتی داهاتویی ئێران، لەمەشدا هەوڵیدا هەڵوێستی دوژمنایەتی ئیمپریالی کە دروشمی شۆڕش بوو لەگەڵ مەترسی دەستێوەردانی ئەمریکا لە ئێران، بقۆزێتەوە تا بتوانێت جێگە پێیەك لە ئێرانی دوای شۆڕش بۆ خۆی بکاتەوە[105]. هەر لەم سۆنگەیەوە دوای هەڵوێستی کارتەری سەرۆکی ئەمریکا، ئەلکسی نیکولاڤیچ کاسیگین( Alexei Nikolayevich Kosygin) سەرۆك وەزیرانی سۆڤێت لە ڕێگەی نامەیەکەوە پیرۆزبایی لە حکوتەکەی بازرگان و سەرکەوتنی

[100]Sean Wilentz: The age of Reagan History ١٩٧٤-٢٠٠٨, Harper, U.S.A, ٢٠٠٨, P.١١٤.

[101] غلامرضا كرباسچى: روزشمار روابط ايران و امريكا، انتشارات بقعه، تهران، ١٣٨٠، ص٣٢٧.

[102] روبرت سنايدر: المصدر السابق، ص١٣.

[103]Trita Parsi: Op.Cit, P.٧٩.

[104] كارل ر.سيوتز: اتحاد شوروى و خليج فارس در دهه ١٩٨٠، ترجمه: بيژن اسدى، مركز مطالعات و تحقيقات جنگ، چاپ اول، تهران، ١٣٨٦، ص٢٧.

[105] د.سيدجلال الدين مدنى: مصدر پيشين، ص٤٥٥-٤٥٦.

**شۆڕشی لێکرد و بە فەرمی دانی نا بە حکومەتەکەی دا و هیوای خواست پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، هاوسێیەتی و دەستوەرنەدان لەکاروباری یەکدی بونیات بنێن[١٠٦].**

**ڕۆژێك دوای سەرکەوتنی شۆڕش هودینگ کارتەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختیکردەوە واشنگتۆن و تاران هەوڵدەدەن بۆ بەردەوامی پەیوەندی دیپلۆماسی ئاسایی هەردولا، هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کە تا جێگیربوونی تەواوەتی پایەکانی حکومەتی کاتی ئەو کارە ئاسان نابێت و هیواشیخواست گیانی ئەمریکاییەکانی نیشتەجێی ئێران پارێزراوبن[١٠٧] ، بۆ زیاتر پیشاندانی نیازپاکیش حکومەتی ئەمریکا هەمان ڕۆژ بە ڕەسمی دانی نا بە حکومەتی نوێی ئێراندا، لە بەرامبەردا بازرگان ئامادەیی دەربڕی ڕێگایەکی پەیوەندیەکی باش دەکات لەگەڵ ئەمریکادا بگرێتەبەر[١٠٨]. کە دواتر ئەم هەڵس و کەوتەی بازرگان سەری حکومەتەکەی و ئایندەی سیاسی خۆی و هەوادارانی خوارد، دەتوانین بڵێین نیەت و مەبەستی ڕاستەقینەی شۆڕش و ئامانجەکانی خومەینی دوای کەوتنی حکومەتەکەی مەهدی بازرگان، دەرکەوت.**

**فەرەنسا کە خومەینی لە وڵاتەکەیدابوو هەستی بەلاوازی شا کردبوو، بەتایبەتی دوای کۆبونەوەی گوادلۆپ، هەنگاوێکی جدی نەنا بۆ ڕێگرتن لە چالاکیە فراوانەکانی خومەینی لە وڵاتەکەی تا دواتر بتوانێت سود لەم هەڵوێستەی وەرگرێت[١٠٩]، سەبارەت بە بەریتانیا جیمس کالاهانی سەرۆك وەزیر لە گوادلۆپ پێیوابوو شا لاوازە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە و چارەکردنی دۆخی وڵات، لەبەر ئەوە لەسایەی حکومەتی شادا گۆڕانکاری قورس و گرانە وشا پێویستە ئێران جێبهێڵێت [١١٠]. ئەم هەڵوێستە تا سەرکەوتنی شۆڕش بە نەگۆڕی مایەوە.**

**دەوڵەتی ئیسرائیل هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی پشتیوانی حکومەتەکەی بەختیار بوو، چونکە وایدەبینی کە بەسود بێت بۆ بێدەنگ کردنی خومەینی[١١١]. کە بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل دەربڕیبوو. هەرچی هەڵوێستی وڵاتی چینە ئەوە ئەو وڵاتە تا قۆناغەکانی سەرکەوتنی کۆتایی شۆڕشی گەلانی ئێران بەردەوامی بە پشتیوانی ڕژێمی پادشایەتی پەهلەوی دا، تا سەرکەوتنی شۆڕش کەمترین قسەی لەبارەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی ئێران لە لایەنی ناوەندە و دەزگا ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە بڵاونەبوویەوە[١١٢].هەرچۆنێك بێت سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکاندا لەگەڵ ئیسرائیلیش :" بومەلەرزەیەکی وێرانکەربوو بۆ جیهانی ڕۆژئاوا"[١١٣]. بەم جۆرە ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند بەنەوت گۆڕا بە سستمێکی ئاینی لە جیهانی هاوچەرخ دا، بە جۆرێك لە دوای**

---

[١٠٦] بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: هادی نخعی و حسین یکتا: روزشمار جنگ ایران و عراق-زمینەسازی(جنگنامە اول: پیدایش نظام جدید)، جلد اول، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ١٣٧٥، ص ٩٣.

[١٠٧] اطلاعات، ٢٣ بهمن ماه ١٣٥٧.

[١٠٨]جیمی کارتر، ٤٤٤ روز ماجرای گروگانهای امریکا در ایران، ترجمە: احمد باقری، انتشارات هفتە، چاپ دوم، تهران، ١٣٦١.، ص٢٠.

[١٠٩] عبدالرضا هوشنگ مهدوی: سیاست خارجی ایران در دوران پهلوی (١٣٠٠-١٣٥٧)، نشر پیکان، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٦ صص٤٩٣-٤٩٧.

[١١٠]Manochehr Ganji: Defying the Iranian Revolution (From the Minister to the Shah to Leader of Resistance), Prager Publisher, U.S.A, ٢٠٠٢, P.٣٥.٤٩٦؛ عرفان قانعی فرد: مصدر پیشین ، ص

[١١١]Trita Parsi: Op.Cit, P.٨٠.

[١١٢] عبدالرضا هوشنگ مهدوی: سیاست خارجی ایران در دوران پهلوی، ص٤٨٥.

[١١٣] حمید الانصاری: المصدر السابق، ص١٧٦-١٧٧.

ئەم شۆڕشە ناوچەکە هەرگیز ناگەڕێتەوە دۆخی پێش خۆی[114]. بەکورتی شۆڕشی ئێران کاریگەرییەکی قوڵ و فراوان و درێژمەودای لەسەر پرس و قەیرانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و زلهێزەکانیش هەبوو[115]. ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، ئیستاشی لەگەڵدابێت باجێکی گەورەی لەدەستدانی ئێرانیان دا، بەجۆرێك هیچ ولاتێك نەیتوانی جێگەی ئێرانیان بۆ بگرێتەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکێتی سۆڤێت و پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانیان لە دەوڵەمەندترین ناوچەی نەوتی، بگرە هاوپەیمانەکانیشیان لەناوچەکە کەوتنە ژێر کاریگەری کەوتنی یەکێك لە دوو ستونەکەی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کە ئێران بوو(ستوونی دووەم سعودیە بوو)، لە سەروی هەموویانەوە ولاتانی کەنداوی عەرەبی.

**ئەنجام:**

**لە کۆتایدا گەیشتوینە چەند ئەنجامێك و بەکورتی لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:**

**یەکەم:** هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی بەختیارو هەواڵی ڕۆیشتنی شا بۆ دەرەوەی ولات، شکستی حکومەتەکەی بەختیار نزیك ترو ئایندەی ڕوەو نادیار و لێڵی هەنگاووی دەنا، لەبەرامبەریشدا خومەینی بەهۆی هەڵوێستە توندو شێلگیرانەکانییەوە لە سەرکەوتن زیاتر نزیك دەبوویەوە و بە ڕۆیشتنی شا لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩ ئیدی خومەینی بەتەواوی گەیشتە براوی سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕش.لەبەرامبەریشدا بەختیار زیاتر کۆنترۆڵی ولاتی لەدەست دەداو هاوکارانی لێی دەتەکینەوە، ئەنجام گەڕانەوەی خومەینی بوو بۆ ئێران لەسەرەتای شوباتی هەمان ساڵ کە بزماری سەرکەوتنی لەسەر تابوتی حکوتەکەی بەختیار دا.

**دووەم:** بەهاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران و دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لە دوای چوار ڕۆژ لەهاتنەوەی ئیدی بەختیار بێ پشتیوان مایەوەو ئێران ئەوەندەی فەرمان و بڕیارەکانی خومەینی جێبەجێدەکرد بەختیار خرابوویە پەراوێزەوە بەمانی وشە، دواجار دوای کەمتر لە هەفتەیەك لە دامەزراندنی حکومەتی بازرگان لەلایەن خومەینی یەوە ململانێی خومەینی و بەختیار بەسەرکەوتنی خومەینی کۆتایی هات و پەڕەیەکی نوێ لە سستمی حوکمڕانی لە ئێران هاتە کایەوە.

**سێیەم:** هەڵوێستی خومەینی بەرامبەر زلهێزەکان بەتایبەتی ئەمریکا هەڵوێستێکی تاکتیکیانەی لێزانانە بوو، کە ڕۆژئاواو ئەمریکاشی خستە تەڵەیەکەو هەرگیز تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە کاریگەری ئەو شۆڕشە لەسەر ستراتیژو بەرژەوەندی و ئاسایشی ڕۆژئاواو ئەمریکا لەناوچەکە ڕزگاری نەبووە. شۆڕشی ئێران کارەساتێك بوو بە نیسبەت تەواوی ولاتانی هەرێمی و نێو دەوڵەتیشەوە، هەروەها هەڕەشەیەکی ڕاستەو خۆبوو لەبارەی تەشەنە سەندنی شۆڕش بۆ ناوچەکانی تر بەتایبەتی ئەو ولاتانەی شیعە مەزهەب بوون وەك عێراق بەنمونە.

---

[114] Trita Parsi، Op.Cit, P.٧٩.

[115] کارل ر.سیوتز: مصدر پیشین، ص٢٧.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ بە زمانی فارسی:**


١. ابراهيم يزدى(دكتر): آخرين تلاشها در آخرين روزها (مطالبى ناگفته پيرامون انقلاب اسلامى ايران)، انتشارات قلم، ويرايش دوم، تهران، ١٣٧٩.

٢. احمد سميعى: طلوع و غروب دولت مؤقت، انتشارات شباويز ، تهران، ١٣٧١.

٣. اسكندر دلدم: حاجى واشنگتن (تاريخ روابط ايران و آمريكا در روزگار قاجاريه و پهلوى)، نشر گلفام، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١.

٤. پرويز راجى: در خدمت تخت طاووس (ياداشتهاى روزانه آخرين سفير شاه در لندن) ترجمه: د.حسن كامشاد، انتشارات طرح نو، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٩.

٥. جميله كديو: روياروى انقلاب اسلامى ايران و آمريكا، انتشارات اطلاعات، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٩.

٦. جيمى كارتر، ٤٤٤ روز ماجراى گروگانهاى امريكا در ايران، ترجمه: احمد باقرى، انتشارات هفته، چاپ دوم، تهران، ١٣٦١.

٧. حميد معبادى و حسن خوداوردى: قدرتهاى بزرگ و جمهورى اسلامي ايران، مركز اسناد انقلاب اسلامى، تهران، ١٣٨٥.

٨. رابين رايت: آخرين انقلاب بزرگ (انقلاب و تحول در ايران)، ترجمه: احمد تدين و شهين احمدى، مؤسسه خدمات فرهنگى رسا، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢.

٩. سايروس ونس: توطئه در ايران، ترجمه: محمود مشرقى، انتشارات هفته، تهران، ١٣٦٢.

١٠. سعيد بشيرتاش و ابراهيم نبوى: روزشمار انقلاب اسلامى(سى سال پيش در چنين روزى)، گردآورى: ايمان عليپور، پوشينه دو( واته جلدى دووەم)، انتشارات راديو زمانه، بدون جاه ، ١٣٨٧.

١١. سيدجلال الدين مدنى(دكتر):تاريخ سياسى معاصر ايران،جلد دوم،دفترانتشارات اسلامى،چاپ يازدهم، قم،١٣٨٣.

١٢. شاپور بختيار: يكرنگى، ترجمه : مهشيد امير شاهى، پاريس، ١٣٦١.

١٣. گروه خبرنگاران سياسى راديو ايران: سى و هفت روز پس از سى و هفت سال (چند گفتگو با دكتر شاپور بختيار درباره دوران زمامداريش)، انتشارات راديو ايران، چاپ پنجم، بهمن ماه ١٣٦٢.

١٤. عباس قرباغى: اعترافات ژنرال: خاطرات ارتشبد عباس قرەباغى (مرداد-بهمن٥٧)، نشر نى، چاپ نوم، تهران، ١٣٦٦.

١٥. عبدالرضا هوشنگ مهدوى(دكتر): انقلاب ايران به روايت راديو BBC، انتشارات مركز اسناد انقلاب اسلامى، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨.

١٦. ..........:سياست خارجى ايران در دوران پهلوى(١٣٠٠-١٣٥٧)،نشر پيكان،چاپ هفتم، تهران،١٣٨٦.

١٧. عرفان قانعى فرد، در دامگه حادثه (بررسى علل و عوامل فروپاسى حكومت شاهنشاهى) گفتوگويى با پرويز ثابتى مدير امنيت داخلى ساواك، شركت كتاب، آمريكا، ٢٠١٢.

١٨. على غريب: ايستاده بر آرمان(روايت فروپاشى يك انقلاب)، انتشارات انقلاب اسلامى، الماًن،١٣٨٥.

١٩. غلامرضا كرباسچی، روزشمار روابط ایران و امریكا، انتشارات بقعه، تهران، ١٣٨٠.
٢٠. غلامرضا نجاتی: تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران از كود تا انقلاب، جلد دوم، مؤسسات خدمات فرهنگی رسا، چاپ هشتم، تهران، ١٣٨٦.
٢١. فریدون آدمیت: ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، جلد نخست، كانون كتاب ایران، چاپ دوم، سوئد، ١٩٨٥.
٢٢. فریدون هویدا : سقوط شاه، ترجمه: ح.ا.مهران، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٨٦.
٢٣. محسن میلانی: شكل گیری انقلاب اسلامی: از سلطنت پهلوی تا جمهوری اسلامیت، مجتبی عطارزاده، گام نو، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٨، ص٢٦٢.
٢٤. محمد رضا پهلوی: پاسخ به تاریخ، دون جاه و سال طبع.
٢٥. محمود طلوعی: حدیث نیك و بد(تاریخ پرماجرای روابط ایران و آمریكا)،نشر علم، چاپ اول، تهران، ١٣٨٤.
٢٦. ...................: صد روز آخر (اسراری از وقایع روزهای سرنوشت سازی كه به سقوط دودمان پهلوی انجامید)، نشر علم، تهران، ١٣٧٨.
٢٧. ...................: معمهای تاریخی رازهای ناگشوده در تاریخ معاصر ایران، نشر علم، تهران، ١٣٨٨.
٢٨. منصور رفیع زاده: شاهد(از شا تا دخالتهای آشكار آمریكا در ایران) خاطرات منصور رفیع زاده آخرین رئیس سابق ساواك در آمریكا، ترجمه: وحید ایمن، انتشارات زریاب، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧.
٢٩. مهدی بازرگان: انقلاب ایران در دو حركت، چاپخانه نراقی، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٣.
٣٠. نیكی كدی و مارك گزیوروسكی(ویراستاران): نەشرقی‌نەغربی(بررسی روابط ایران با اتحاد شوروی و ایالات متحده امریكا)، ترجمه: د.الهه كولائی، د.ابراهیم متقی و د.سید داود اقایی، نشر میران، تهران، ١٣٨٦.
٣١. هادی نخعی و حسین یكتا: روزشمار جنگ ایران و عراق-زمینەسازی(جنگنامه اول: پیدایش نظام جدید )، جلد اول، مركز مطالعات و تحقیقات جنگ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی،چاپ اول،تهران، ١٣٧٥.
٣٢. ویلیام سولیوان: ماموریت در ایران، ترجمه: محمود مشرقی، انتشارات هفته، تهران،١٣٦١.
٣٣. ویلیام شوكراس: آخرین سفر شاه (سرنوشت یك متحد امریكا)، ترجمه: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر البرز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٩.

**دووەم/ بەزمانی عەرەبی:**

٣٤. حميد الانصاری: حديث الانطلاق( نظرة الى الحياة العلمية والسياسية للامام الخميني الراحل)، مؤسسة تنظيم و نشر تراث الامام الخمينی-الشؤن الدولية، الطبعة السادسة، طهران، ٢٠٠٣.
٣٥. ذيبان الشمری: إيران بين طغيان الشاه ودموية الخميني، الطبعة الاولى، بدون مكان الطبع، ١٩٨٣.
٣٦. رای تقية: إيران الخفية، ترجمة:أيهم الصباغ، مكتبة العبيكان للنشر، الطبعة الاولى، السعودية، ٢٠١٠.
٣٧. روبرت سنايدر(الدكتور): الولايات المتحدة الأمريكية و إيران(تحليل العوائق البنيوية للتقارب بينهما)، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، الطبعة الاولى، أبوظبي، ٢٠٠٣.

٣٨. عرفان عبدالحميد فتاح(الدكتور): الدين والدولة في ايران(مجموعة دراسات استشراقية)، دار التجديد للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، ماليزيا، ٢٠٠٢.

٣٩. غلامرضا نجاتى: التاريخ الايرانى المعاصر (ايران فى عهد اليهلوى)، ترجمة: عبدالرحيم الحمرانى، مؤسسه دار الكتاب الاسلامي، قم، ٢٠٠٨.

٤٠. لقمان خيالى: الجبهة الوطنية ودورها في السياسة الداخلية الايرانية(١٩٤٩-١٩٧٩)،منشورات مؤسسة والا للنشر والاعلام، بدون مكان،٢٠١١.

٤١. نزار كريم جواد الربيعى(الدكتور): إيران بين مطرقة أمريكا وسندان الأسرة البهلوية، دار ضفاف، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠١٢.


**سێیەم/ بەزمانی ئینگلیزی:**


٤٢. Athan theoharis and others: The Central Intelligence Agency (Security under Scrutiny), Greenwood Press, London, ٢٠٠٦.

٤٣. Barry Rubin: Paved with Good Intention (The American Experience in Iran), Published by the Penguin Group, U.S.A, ١٩٨٠.

٤٤. Donette Murray, U.S. Foreign Policy and Iran American-Iranian relations since the Islamic revolution, Rutledge, New York,٢٠١٠.

٤٥. Farhang Rajaee: Islamism and Modernism (The Changing Discourse in Iran), University of Texas Press, U.S.A, ٢٠٠٧.

٤٦. Gary Sick: All Fall Down (America's tragic encounter with Iran), iUniverse, U.S.A, ٢٠٠١.

٤٧. James A. Bill: The Eagle and Lion (The Tragedy of American-Iranian Relation), Yale University Press U.S.A, ١٩٨٨.

٤٨. Manochehr Ganji: Defying the Iranian Revolution (From the Minister to the Shah to Leader of Resistance), Prager Publisher, U.S.A, ٢٠٠٢.

٤٩. Michael M. J. Fischer: Iran; From Religious Dispute to Revolution, University of Wisconsin Press, U.S.A, ٢٠٠٣.

٥٠. Sean Wilentz, The age of Reagan History ١٩٧٤-٢٠٠٨, Harper, U.S.A, ٢٠٠٨.

٥١. Stephen Kinzer: Reset; Iran, Turkey and American's Future, Henry Holt and Company, New York, ٢٠١٠, P.١١٤.

٥٢. Trita Parsi: Treacherous Alliance ;The secret Dealings of Israel, Iran and The U.S., Yale University press, craven Book, U.S.A, ٢٠٠٨.


**چوارەم/ گۆڤارو ڕۆژنامە:**

**یەکەم/ گۆڤار:**


٥٣. ژان فورن: تحليل نظرى از انقلاب ١٩٧٩ - ١٩٧٧ ايران، ترجمه: سيد صدرالدين موسوى، پژوهشنامه متين، شماره(١٩٩)، تابستان١٣٨٢.

٥٤. شيدا نبوى: فاجعه سينما ركس آبادان، مجله چشم انداز، شماره (٢٠)، بهار ١٣٧٨،

.http://www.golshan.com/asnaad/cinamarex/c٧/c١.pdf

**دووەم / ڕۆژنامە:**

٥٥. اطلاعات، ١٧ دى ماه ١٣٥٦.

٥٦. اطلاعات، ١٠ بهمن ماه ١٣٥٧.

٥٧. اطلاعات، ٢٣ بهمن ماه ١٣٥٧.

**ملخص البحث باللغة العربية**

**يتناول هذا البحث الحديث عن موقف الخميني من حكومة الشاهبور بختيار بين (١٦ كانونى الثاني-١١ شباط ١٩٧٩)، وتعد هذه الفترة مرحلة مهمة من تأريخ إيران السياسي، حيث انتصرت فيها ثورة الإيرانيين، وفي النهاية أجبر الشاه على الرحيل ومغادرة البلاد، ومن ثم قيام حكومة إسلامية بقيادة الخميني.ومع أن المرحلة التي تهم البحث كانت قصيرة من حيث الزمن ولكنها تعد مرحلة حساسة ومعقدة من حيث المآل والنتائج وما أعقبها من تغيير جذري في المعادلات السياسية على المستويين الإقليمي والدولي. ففي هذه الفترة عمت الفوضى البلاد، واستمرت الاضطرابات والمظاهرات العارمة التي قضت على قدرة بختيار في التأثير في الأحداث، وأعلن الخميني أنه سيرفض أية حكومة طالما بقي الشاه، وأنه لن يقبل إلا سقوط الشاه وإقامة جمهورية إسلامية، وأخيرًا أعلن الخميني عدم شرعية حكومة بختيار، وعيّن (مهدي بازرگان) رئيسًا للوزراء، وفي هذه الحال بقي بختيار دون نصير سيما بعدما اتصل الجنرال قرباغي بالخميني وأعلن حياد الجيش في المواجهات، وفي النهاية انتصر الخميني وفر بختيار إلى خارج إيران.**

**وتحتوي هذه الدراسة على مدخل وثلاثة محاور وخاتمة، وقد تضمن المدخل ملخصاً عن أوضاع إيران في أواخر حكم الشاه، كما خصص المحور الأول للحديث عن موقف الخميني من حكومة الشاهبور بختيار بعد مغادرة الشاه للبلاد، وكذلك يحتوي المحور الثاني على الحديث عنرجوع الخميني للبلاد وتأسيس حكومة مؤقتة برئاسة مهدي بازركان، أما في المحور الثالث فقد ألقي الضوء على موقف الخميني من التغييرات داخل البلاد، والخاتمة هي آخر محاور البحث الرئيسة، وقد اشتملت على تلخيص نتائج البحث.**

**ABSTRACT**

This research includes talking about Khomeini's position toward Shapour Bakhtiar's government between ( Jan ١٦ and Feb ١١, ١٩٧٩). This period is regarded important stage in political history of Iran. It led to success Iranian people in their revolution when Muhammad shah was forced to leave country. Then, established Islamic government by Khomeini. Although the phase of research attention was short in time but was a sensitive and complex phase that includes many radical changes in political equation on both sides of regional and international levels. In that period, Plunged the Country into Chaos, massive demonstrations and unrest were being continued which Bakhtyar lost his control to return country stability. Khomeini announced any government should be banned and refused if they try to remain authority of Muhammad shah. Furthermore, he insisted that Islamic government should be established. Finally, Khomeini declared the illegality of Shapour Bakhtiar's government and Mehdi Bazargan was appointed prime minister of Iran. In this case, Bakhtiar remained without any supporting.

This was time that General Qrbaghy contacted khomeini and announced army neutrality in the clashes. Eventually Khomeini succeeds and Bakhtiar was forced to leave Iran out. This study includes entrance, three parts and conclusion. The Entrance shows a summary of the Iran status in the late Shah's era. The first part was dedicated to talk about Khomeini position toward Bakhtiar government after forcing shah to leave country. As well as, the second part is about Khomeini return to the country and appointed Mahdi Bazargan for establishment of provisional government. Final part gives focus on Khomeini position toward changes within country. The conclusion is the result of this research that surmised the research results.